Zanco Journal of Law and Politics
Vol(23), No(39), 2025

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# ئاڵنگارییە سیاسییەکانی بەردەم بونیادنانەوەی دامەزراوەکان (هەرێمی کوردستان وەک نموونە)[1]

| |
|---|
| ئاراسن أحمد جميل |
| بەشی سیستەمە سیاسیەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، هەرێمی کوردستان - عێراق |
| ئەمێل: ahmadarasn685@gmail.com |
| پ. ی. د. زوبێر ڕەسول ئەحمەد |
| بەشی سیستەمە سیاسیەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، هەرێمی کوردستان - عێراق |
| ئیمێل: Zubir.ahmed@su.edu.krd |

| ID No. 3905 | Received: 24/03/2025 | وشە کلیلییەکان: |
|---|---|---|
| (PP 113 - 142) | Accepted: 27/05/2025 | ئاڵنگاریی سیاسی، هەرێمی کوردستان، باڵادەستی حزب بەسەر حکومەت، بێمتمانەیی. |
| https://doi.org/10.21271/zjlp.23.39.6 | Published:27/07/2025 | |

## پوختە

ئامانجی سەرەکی لەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوەیە لە ئاڵنگارییەکانی بەردەم بونیادنانەوەی دامەزراوەکان( هەرێمی کوردستان وەک نموونە)، و هەروەها وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە ئایا ئەو هۆکارانە چین کە بوونەتە بەربەست لەبەردەم بونیادنانی دامەزراوەکان لەهەرێمی کوردستان وەک کۆمەڵگایەکی قۆناغی دوای جەنگ لەدوای ساڵی ١٩٩١؟ و ئایا ئەو هۆکارانە ناوخۆیین یاخود دەرەکین کە کاریگەری دەخەنە سەر پرۆسەی بونیادنانی دامەزراوەکان لەهەرێمی کوردستان؟ بەڵام ئێمە پێمان وایە لەم توێژینەوەیە هەردوو هۆکار کێشە و گیروگرفتن لەبەردەم بونیادنانەوەی دامەزراوەکان لە هەرێمی کوردستان و جیاواز لە توێژینەوەکانی دیکە زیاتر لە هۆکارێک بەکاریگەر دەبینن، ئەمە جگە لەوەی گرینگی بە هەر کێشە و گیروگرفتێک دەدەین کە دەبێتە بەربەست و ئاستەنگ لەبەردەم بونیادنانەوەی دامەزراوەکان، بەشێوەیەکی گشتی بەربەست و ئاستەنگ و ئاڵنگارییە ناوخۆییەکان بریتیین لە ( ململانێی پێکهاتەکان و هێزی چەکدار و هەژموون و باڵادەستی حیزب بەسەر حکومەت وکێشەی بێ متمانەیی هاوڵاتیان بەرامبەر بە دامەزراوەکان، کە هەموو ئەمانە کاریگەری خەراپ و نەرێنیان لە سەر بونیادنانی دامەزراوەکان لە هەرێمی کوردستان هەبووە.

[1] ئەم توێژینەوە هەڵێنجراوە لە ماستەرنامەی قوتابی (ئاراسن أحمد جميل)، بەناونیشانی (ئاڵنگارییەکانی بنیادنانەوەی دامەزراوەکان لە کۆمەڵگاکانی دوای جەنگ، هەرێمی کوردستان بەنموونە لە دوای ساڵی ١٩٩١)، بڵاونەکراوە، بەشێکە لەپێداویستیەکانی پرۆسەی تاوتێکردن و بەخشینی بڕوانامەی ماستەر.

## پێشەکی

بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵگەکانی دوای جەنگ بە سیمایەکی دیاری ئاڵنگارییەکان دەناسرێنەوە، و ئەم ئاڵنگارییانەش دەبنەهۆی دروستبوونی ئاستەنگ و بەربەست لەبەردەم پرۆسەی بونیادنانەوەی دامەزراوەکان، پرۆسەی بونیادنانەوەی دامەزراوەکان لەم جۆرە کۆمەڵگایانە بەهۆی ناکۆکی توندوتیژی ناوخۆیی و دەستێوەردانی دەرەکی هێندەی دیکە ئاڵۆز و گرفتارتر دەبێت، ئەمەش زۆر جار دەبێتەهۆی لێکترازانی کۆمەڵایەتی و سەرهەڵدانی شەڕی چەکداری ناوخۆیی و کە دواجار سەردەکێشێت بۆ لەناوچوونی ژێرخان وسەرمایەی کۆمەڵایەتی و ئاوارەیی و دەربەدەربوونی هاوڵاتیان، هەموو ئەمانەش فاکتەر و هۆکار گەلێکن بۆ سازش کردن لە سەروەری یاسا و هەڵتەکاندنی بونیادی دەوڵەتداری و بۆشایی لە دەسەڵات و دامەزراوەکان کە لە کۆتاییدا پێکدادان و ناکۆکی و ڕێگری لەبەردەم گەشەسەندنی دامەزراوەکان وسەقاگیری و ڕەوایەتی لێدەکەوێتەوە ، کۆمەڵگای هەرێمی کوردستانی عێراق وەک هەر کۆمەڵگایەکی دیکەی دوای جەنگ بە قووڵی تێکەڵی ئەو کێشە و گیروگرفت و ئاڵنگارییە سیاسییانە بووە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی هەڵکەوتەی جوگرافی هەرێمی کوردستان لەناوچەیەک دایە بەردەوام ڕووبەڕووی کێشە و ناکۆکی دەبێتەوە، سەرەڕای هەموو ئەمانە هەرێمی کوردستان لەدوای ساڵی ١٩٩١ تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتووبووە لە بونیادنانی دامەزراوەکان و گواستنەوەی هێز بۆ دامەزراوەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی قۆرخکردنی دەسەڵات لەلایەن هەردوو هێزە باڵادەستەکەی هەرێمی کوردستان بێ کێشە و گیروگرفت نەبووە، ئەمە سەرەڕای بوونی چەندین پارت و حزبی دیکە لە گۆڕەپانی سیاسی هەرێمی کوردستان، کە دەستپێکێک بوو بۆ ململانێ و ڕق وکینە و دروستبوونی شەڕی ناوخۆ کە سەرئەنجام لەدەستدانی ڕەوایەتی دامەزراوەکان ولێکترازانی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگای هەرێمی کوردستانی لێکەوتەوە و بووە هۆی دابەشبوونی کۆمەڵایەتی وتێکچوونی بارودۆخی سیاسی و دەستێوەردانی دەرەکی.

### یەکەم: گرنگی توێژینەوە

گرینگی ئەو توێژینەوەیە لەوەدایە کە دەست دەخاتە سەر هۆکار و کێشەیەکی هەرە سەرەکی پرۆسەی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا کە ئەویش لاوازی یان ئاڵنگاری بەردەم پرۆسەی بە دامەزراوەییبوونە.

### دووەم: ئامانجی توێژینەوە:

-ئامانج لەم تویژینەوە پەی بردنە بە ئاڵنگارییە دیارەکانی بەردەم بونیادنانی دامەزراوە لە هەرێمی کوردستان وەک کۆمەڵگایەکی دوای جەنگ.

-شیکردنەوەی کاریگەرییە ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان لەسەر پرۆسەی بونیادنانی دامەزراوەکان لە هەرێمی کوردستاندا.

### سێیەم: کێشەی توێژینەوە:

دەستنیشانکردنی ئەو ئاڵنگارییانەی کە ڕێگرن لە بونیادنانی دامەزراوە لە هەرێمی کوردستان وەک کۆمەڵگا و دەسەڵاتێکی دوای جەنگ (society post-conflict)، ئەم توێژینەوەیە دوو پرسیار لەخۆدەگرێت کە بریتین لە:

پرسیاری سەرەکی: ئەو ئاستەنگانە چین کە بوونەتە بەربەست لەبەردەم بنیادنانی دامەزراوەکان لە هەرێمی کوردستان وەک کۆمەڵگایەکی قۆناغی دوای جەنگ لە دوای ساڵی ١٩٩١..؟

پرسیاری لاوەکی: ئایا ئەو ئاستەنگانە زیاتر دەرەکین یان ناوخۆیین کە کاریگەریی دەخەنەسەر پرۆسەی بونیادنانی دامەزراوەکان لە هەرێمی کوردستاندا..؟

### چوارەم: گریمانەی توێژینەوە:

لەبەر ڕۆشنایی ڕوانگە جیاوازەکان لەبارەی ئاستەنگەکانی بەردەم بونیادنانەوەی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان ئەم توێژینەوەیە گریمانەی ئەمانەی خوارەوە دەکات:

(ئاستەنگەکانی بەردەم بونیادنـانەوەی دامەزراوەکـانی هەرێمـی کوردسـتان جۆراوجـۆرن وەک ئاسـتەنگی سـیاسی و دەسـتوورییەکان وهەروەهـا ئاسـتەنگی هاوکێشـەی هێـز) ئەو ئاسـتەنگانە (دەرەکـی و ناوخۆییەکـان) بەربەسـت دەخەنە بەردەم پرۆسەی بونیادنانی دامەزراوەکان لە هەرێمی کوردستان.

**پێنجەم: میتۆدی توێژینەوە:**

بۆ چارەسەرکردنی ئاستەنگ و ئاڵنگارییە ئاڵۆزەکانی بنیادنانەوەی دامەزراوەکان لە هەرێمی کوردسـتان، ئەم تـوێژینەوەیە ڕێبازێکی فرەجۆر بەکاردەهێنێت، توێژینەوەکە جۆرییە (qualitative) و پشت بە میتۆدەکانی شیکاری و وەسفی دەبەستێت کە پێداچوونەوە بە ئەدەبیات و کۆکردنەوەی زانیاری سەرەتایی و شیکاری ڕەخنەگرانە بەیەکەوە بەکاردێنێت.

**شەشەم: پێکهاتەی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە لەپێشەکی و سێ باس پێکدێت لە باسی یەکەمدا گەنگەشە لەسەر سروشتی دەسەڵات و پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان دەکەیـن، لە بـاسی دووەمیشـدا تیشـک دەخەینەسـەر پرسی گەنـدەڵی لە دامەزراوەکـان ، لەبـاسی سێیەم و کۆتاییدا تاوتوێی ڕۆڵی هۆکار و فاکتەرە دەرەکییەکان دەکەین.

## باسی یەکەم

## ئاڵنگارییە سیاسییەکانی بەردەم بونیادنانەوەی دامەزراوەکان لەهەرێمی کوردستان

دوای ئەوەی هەلومەرجێکی نوێ بۆ هەرێمی کوردستان ڕەخسا کە بە ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ دەستی پێکـرد، ئەم ڕاپەڕیـنە بە ڕاپەڕینێکی جەماوەری ناوزندەکرا ، کە سەرئەنجام بووە هۆی کشانەوەی هێزەکانی ڕژێمی بەعس و دواتر لە بەرواری ١٩ی ٥ی ١٩٩٢ یەکەم هەڵبژاردنی گشتی لەهەرێمی کوردسـتان بەرێوەچـوو، و لە هەمـان ساڵیشـدا یەکەم کـابینەی حکـومەتی هەرێمی کوردستان پێکهێنرا، هەرچەندە ئەم هەڵبژاردنە خەڵکی هەرێمی کوردستان دەنگیانـدا بەڵام بەهـۆی ئەوەی دوو پارتی سەرەکی ڕۆڵیان دەبینی لە بەرێوەبردنی پرۆسەی سیاسی و هەرچەنـدە چەنـدین پـارتی دیـکەی سیاسی لە هەرێمـی کوردستان بوونیان هەبوو بەڵام تەنیا لەلایەن ئەم دوو پارتەوە (پارتی دیموکراتی کوردستان-یەکێتی نیشتمانی کوردستان) دەسەڵات قۆرخ کرابوو، کە بەرپرسی سەرەکی بوون لە ئاراستەکردنی پرۆسەی سیاسی لەم قۆناغەدا، ئەمەش سەرەتایەک بوو بۆ دروستبوونی ئاڵۆزی وسەرهەڵدانی ڕق وکینە دژی بەیەکتر کە هۆکارێك بـوو بـۆ درووسـتبوونی شـەڕی نـاوخۆیی ، بێگومان ئەم شەڕەش کـاریگەری نەرێنـی لەسـەر گشـت سـێکتەرەکانی (ئـابووری وسیاسی وکۆمەڵایەتی.....هتـد) هەبـوو.[1]

ئاشکرایە شەڕی براکوژی لەماوەی ساڵانی (١٩٩٤-١٩٩٨) درێژەی کێشا، ئەم شەڕە زیانێکی گەورەی لەدامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان دا و ڕەوایەتـی نەمـابووە ئاسـتەنگێک بـۆ پرۆسـەی بەدامەزراوەییکـردنی دام ودەزگاکـانی حکـومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوەبوو ئەم شەڕە خوێناوییە لەڕێکەوتی ٧ی ئەیلولی ١٩٩٨ بە واژۆکردنی ڕێکەوتنی ئاشـتی لەنێـوان (پـارتی و یەکێتی) کۆتایی پێهات و ئەم ڕێکەوتنەش بەسەرپەرشتی (مادلین ئۆلبرایت) وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بوو، ئەوەی جێگەی تێڕامانە ئەوەیە کە هەرچەنـدە ئەم ڕێکەوتـنە بـۆ ڕاگرتنـی شـەڕ ودووبـارە دەسـتپێکردنەوەی پرۆسـەی سـیاسی هەرێمـی کوردستان ئەنجام درا بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەبەردەوامی ئەم قۆناغە لە بەدامەزراوەییکـردنی دام ودەزگاکـانی هەرێمـی کوردستان ڕووبەڕووی ئاستەنگ و بەربەست بۆتەوە.[2]

---

1-ئەکرەم ئیسماعیل فەقێ، ئاستەنگە سیاسی ودەستوورییەکانی بەدەوڵەتبوونی هەرێمی کوردستان، نامەی ماستەر،بەشی زانستە سیاسییەکان، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەڵاحەدین،هەولێر،٢٠١٤،ل٣٢.

2-ئۆفرا بینگیۆ، کوردی عێراق بنیاتنانی دەوڵەتێك لەناو دەوڵەتدا، وەرگێرانی سـۆران مسـتەفا، دەزگـای ئـاراس، هەولێـر، ٢٠١٣،ل٣٢٧.

دوای ئەوەی لەساڵی ٢٠٠٣ ڕژێمی بەعس ڕووخا و بۆشایەکی ئەمنی و سیاسی لەعێراق دروست کردبوو، لێرەدا هەرێمی کوردستان تا ڕادەیەک لە ڕووی سیاسی و کارگێڕی و ئاسایشییەوە سەقامگیرتر بوو، و لەکاتی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥ دا ڕێکەوتنێکی دیکە لەنێوان پارتی ویەکێتی کە ناسراوە بە ( ڕێککەوتنامەی ستراتیژی دووەم) واژۆکرا و توانی دەستکەوتێکی گرینگ بۆ ناوخۆی هەرێمی کوردستان مسۆگەر بکات.[1]

ئەوەی جێگەی بایەخە کە پێویستە گەنگەشەی لەسەر بکرێت ئەوەیە کە لە گشت کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای بەرتەسکی حزبی پۆستەکان دابەشکراوە کە زیاتر لەنێوان دوو پارتی سەرەکی ڕەنگدەداتەوە، لێرەدا پارتی و یەکێتی زیاتر لە سێ دەیەیە گشت جومگەکانی دەسەڵاتیان قۆرخ کردووە، هەروەک دەبینین لە کابینەی یەکەم و دووەمدا (یەکێتی پۆستی سەرۆک وەزیرانی وەرگرتووە و پارتی پۆستی جێگری سەرۆک وەزیرانی وەرگرتووە) و سەرجەم وەزارەتەکانی ئەم دوو کابینەیە لەلایەن دوو حزبی سەرەکییەوە کۆنترۆڵ کراوە، دوای ئەوەی شەڕی ناوخۆ درووست بوو کابینەکانی حکومەت دابەش ببوو لەنێوان دوو زۆنی سەرەکی( زۆنی زەرد-شاری هەولێر و دهۆك) بوو بە سەرۆکایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، و (زۆنی سەوز –شاری سلێمانی) بوو بەسەرۆکایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ، هەروەک دیارە کە ئەم دوو حزبە لە هەردوو کابینەی حکومەت دا کۆنترۆڵی گشت دەسەڵاتەکانیان کردووە، پارتی لە هەولێر و یەکێتیش لە سلێمانی، لێرەدا ئەم هەلومەرجە ڕێگر بوو لەبەردەم بە دامەزراوەییکردنی دام و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان.[2]

لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دا بە گوشاری نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم کابینەیە یەکخستنی بۆ کراو و هەردوو ئیدارەکە بوون بەیەک، بەڵام بەهەمان شێوەی لە کابینەکانی یەکەم و دووەم پارتی و یەکێتی زۆربەی پۆستەکانیان لەنێوان خۆیاندا دابەشکرد و لەکابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هاوشێوەی کابینەکانی پێشووتر دووبارە پارتی و یەکێتی بەهاوبەشی لەگەڵ پێنج لایەنی سیاسی تر پۆستەکانیان دابەشکرد، بەڵام پارتی و یەکێتی زۆرترین پۆستیان بۆخۆیان وەرگرت، بۆ نموونە لە کۆی ٢٥ پۆست تەنیا ٥ پۆست درا بەلایەنەکانی تر و٢٠ پۆستیش لەنێوان پارتی و یەکێتی دابەشکرا، و لە کابینەی حەوتەمیشدا هاوشێوەی کابینەی شەشەم پۆستەکانیان لەنێوان خۆیان دابەشکرد، وهەرچی کابینەی هەشتەمە کە بە کابینەی بنکە فراوان ناسراوە تێیدا پارتی ویەکێتی و بزوتنەوەی گۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵەی ئیسلامی و بزوتنەوەی ئاشووری و پێکهاتەی تورکمان تێدا بەشداربوون، بەڵام لێرەدا جگە لە پۆستی سەرۆک وەزیران و جێگری سەرۆک وەزیران و لەکۆی ٢٧ وەزارەت١٧ وەزارەت بۆ پارتی و یەکێتی بووە، دەرفەت نەدراوە لایەنەکانی تر پۆستە باڵاکان وەربگرن،هەروەها لە کابینەی نۆیەمدا هاوشێوەی کابینەی هەشتەم پۆستەکان دابەشکران و دەسەڵاتە هەستیار و باڵاکان لەنێوان پارتی و یەکێتی دا مایەوە.[3]

هەرێمی کوردستان لەکاتی پێکهێنانی کابینەی حکومەت دا هیچ کات پشتی نەبەستووە بە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان ، ئەمەش وایکردووە کە نەتوانرێ گۆڕانکاری لە باڵانسی هێز لە هەرێمی کوردستان بکرێت و دەرفەت بدرێتە لایەنەکانی دیکەش ، لێرەدا تەنیا دوو حزب هەن بێجگە لەم دوو پارتە باڵادەستە هیچی لایەنێکی دیکە بۆی نەبووە کابینەی حکومەت پێکبهێنێت، جگە لەمەش بەبێ ڕەزامەندی یەکێك لەو دوو پارتە حکومەت درووست نابێت، بەڵکو بگرە دۆخی کۆمەڵگەی کوردستان ڕووبەڕووی قەیرانێکی گەورە دەبێتەوە، لە هەرێمی کوردستان دا پرۆسەی دەستاودەسکردنی دەسەڵات لەسەر بنەمای دیموکراسی و ڕەوایی دەنگی هاوڵاتیانی هەرێم نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای هێز دابەش دەبێت بەسەر دوو زۆنی

1- ئەکرەم ئیسماعیل فەقێ، ئاستەنگە سیاسی ودەستووریەکانی بەدەوڵەتبوونی هەرێمی کوردستان،هەمان سەرچاوە،ل٣٦.

2- حوکمڕانی پارتی و یەکێتی: پێکهاتەی کابینە وەزارییەکانی حکومەت لەنێوان ساڵانی (١٩٩٢-٢٠٢٣)،سەنتەری توێژینەوەی نەوەی نوێ، ل٢-١٠.

3- حوکمڕانی پارتی و یەکێتی: پێکهاتەی کابینە وەزارییەکانی حکومەت لەنێوان ساڵانی (١٩٩٢-٢٠٢٣)،هەمان سەرچاوە،ل١١-١٦.

جیاواز لەسەر جوگرافیای هەرێمی کوردستان دا، ئەمەش وای کردووە کە هەرێمی کوردستان نەتوانێت لە گرینگترین تاقیکردنەوەی حوکمڕانی دیموکراسی دەربچێت کە ئەویش دەستاودەستکردنی دەسەڵاتە بەشێوەیەکی ئاشتیانە.[1]

و هەروەها لە لایەکی ترەوە پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانیش لەژێر چاودێری پەرلەمان دا نییە، لێرەدا بووەتە هۆی باڵادەست بوونی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە هەردوو( سەرۆکی هەرێم، وسەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران) بەسەر پەرلەمانی کوردستانەوە، ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گرێکوێرەیەی کە لەسروشتی سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان دا هەیە لەنێوان( سیستەمێکی پەرلەمانیە یان سیستەمێکی سەرۆکایەتیە)، و جگە لەمەش دوانەیی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هەرێمی کوردستان دا لەدەستی لایەنێک دایە، و لەلایەکیترەوە قەتیسبوونی ناوەندی بڕیاردان لە بەرژەوەندی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دایە، کە داکەوتی پەیوەندی نێوان حکومەت و پەرلەمان لەهەرێمی کوردستان دا دەسەڵاتی سیاسی لەدەستی حکومەت دا چڕبۆتەوە، هەرچەندە هەرێمی کوردستان بەوە ناسراوە کە لەڕووی سیستەمی پارتایەتییەوە (فرە سیاسییە) بەڵام دوو پارتی سەرەکی باڵادەستن کە ئەوانیش بریتین لە ( پارتی-یەکێتی) لەبەرئەوەی خاوەن زۆرینەی پەرلەمانی و حکومەتن، ئەمەش وای کردووە عەقڵیەتی پارتایەتی لەپەرلەمان و سیستەمی سیاسی هەرێم دا باڵادەست بێت، و جگە لەمەش حکومەت خۆی دەستوەردان دەکات لەخشتەی کاری پەرلەمان، هەرچەندە لەڕووی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دا هاتووە کە کاری خشتەی پەرلەمانی لەدەست دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانە، بەڵام لەراستیداقسەی یەکەم و کۆتایی لای حکومەتە.[2]

ئەوەی گرینگە باس بکرێ ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنە لە هەرێمی کوردستان ، ڕۆڵی لایەنی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستان هەر لەسەرەتای دروستبوونی قەوارەی هەرێم تا ساڵی ٢٠٠٣ بوونی نەبووە یاخود ئەو کاریگەریەی نەبووە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئەزموونی دیموکراسی لە بزافی سیاسی کوردیدا و نەبوونی هۆشیاری و شارەزایی لەخودی پرۆسەی دیموکراسی و هەروەها دابەشکردنی دەسەڵات بۆ دوو ئیدارەیی و نەبوونی بوێری و هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆنبوون و هەبوونی ترس لە هێزی پارتی و یەکێتی، وهەروەها باڵادەستبوونی حزب بەسەر پەرلەمان و حکومەتدا کە ئەمەش دۆخێکی تۆتالیتاری بۆ حزب درووست کردووە.[3]

لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ وە هەرێمی کوردستان چووە قۆناغێکی نوێوە ئەویش بەهۆی دەرکەوتنی رۆشنبیران و ڕێکخراوە مەدەنییەکان بوو، و دواتریش ئەم قۆناغە زیاتر گەشەی پێدرا بەتایبەت لەلایەن ئەو کەس و لایەنەنانەی کە داوای ڕیفۆرمی سیاسیان دەکرد لە هەرێمی کوردستان، دیارترین کەسیش کە سەر بەباڵی ڕیفۆرمی یەکێتی بوو بەناوی (نەوشیروان مستەفا) کە جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی بوو، ئەوەبوو داواکەی پشتگوێ خرا ئەمەش وایکرد دەست لەکار بکێشێتەوە و پارتێکی نوێی ئۆپۆزیسیۆنی دابمەزرێنێت کە ناونرا (بزوتنەوەی گۆڕان)، ئەم پارتە نوێیە داوای چاکسازی پرۆسەی سیاسی لە گشت دام ودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نەهێشتنی باڵادەستی دوو حزب بەسەر حکومەت و پەرلەماند دەکرد، ئەم حزبە توانی وەک کاراکتەرێکی ئۆپۆزیسیۆنی ڕۆڵی خۆی بگێرێت بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ڕووبەڕووی ئاستەنگ و بەربەستی زۆر بویەوە .[4]

ئەو گرفتانەی کە لە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕوی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی دەبێتەوە خۆیان دەبیننەوە لە:[5]

---

1-زوبێر رەسول، کێشە هەناوییەکانی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان، ماڵپەری ڕووداو، رۆژی بڵاوکردنەوە٢٠٢٠/٥/٢٠، رۆژی سەردانی کردن ٢٠٢٥/٢/٣:
https://www.rudaw.net/sorani/opinion/200520201

2-د.ئەمین فەرەج شەریف، حوکمڕانێتی باش لەهەرێمی کوردستان:توێژینەوەیەک لەپایە و ئاستەنگەکانی (١٩٩٢-٢٠١٣)، و: لوقمان حاجی قادر، چاپخانەی هێڤی،هەولێر،٢٠١٩،ل٢١٩-٢٢٥.

3-زوبێر رەسول، ئۆپۆزیۆنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان دا (خوێندنەوەیەکی شیکاری بۆ چەمک و سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا لە ١٩٩١ تا ٢٠٠٩، ژمارە١٠، ٢٠١٠، ل٦٨-٧٤.

4- هەمان سەرچاوە،ل٧٦-٧٨.

5- د.ئەمین فەرەج شەریف، حوکمڕانێتی باش لەهەرێمی کوردستان:توێژینەوەیەک لە پایە و ئاستەنگەکانی (١٩٩٢-٢٠١٣)، هەمان سەرچاوە، ل.٢٦٤-.٢٦٩

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

١-گوشاری دوو پارتە سەرەکیەکەی هەرێمی کوردستان لەسەر لایەنگرانی پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن، ئەوەش لەرێگەی بڕینی مووچە بۆ ئەوەی ناچار بکرێن هەڵوێستی خۆیان بگۆڕن.

٢-لێرەدا کاتێک پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکان هەوڵدەدەن پڕۆژە یاساکان بخەنەڕوو بەهۆی کەمی ژمارەیان لەناو پەرلەمانی کوردستان و بەهۆی باڵادەستی دوو پارتە سەرەکییەکە پڕۆژە یاساکان تێناپەڕێن.

٣-بەهۆی باڵادەستبوونی دوو هێزی سەرەکی لە ناو حکومەت و پەرلەماندا پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان ناتوانن چاودێری کاروبارەکانی حکومەت بن.

جگە لەمە پرسێکی تریش هەیە پەیوەستە بە پرسی نیشتمانی و دەسەڵاتە سیاسییەکان ئەویش پرسی ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ بوو، ئەو ڕۆژەی لە ئەنجامی ریفراندۆمەوە سەری هەڵدا و لە دەرئەنجامدا نیوەی خاکی کوردستان لەدەست درا، هەر بەمەشەوە نەوەستا بەڵکو تانکەکانی عێراق لە باشوری شاری کەرکوکەوە پەلاماری سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەیان دا و لە ماوەی کەمتر لە ٢٤ کاتژمێر کۆنترۆڵیان کرد و نزیکەی ١٠٠ پێشمەرگە شەهیدبوون و بەرپرسەکانی یەکێتی و پارتی بەرە و سلێمانی و هەولێر سەنگەرەکانی شەڕیان جێهێشت، سوپای عێراق و حەشدی شەعبی لە باشور و ڕۆژئاوای کەرکوک و شارۆچکەکانی خورماتوو و داقوق و نزیک حەویجە هێرشیانکردە سەر سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە و هێرشەکەیان ناولێنابوو"سەپاندنی ئاسایش لە کەرکوک ".[1]

## تەوەرەی یەکەم

## کێشەی گواستنەوەی هێز بۆ دەسەڵات ١٩٩٢-٢٠٠٣

لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان دا بەتایبەتی کە لەڕووی سیاسییەوە خاوەنی فرە حزبییە و چەندین هێزوبیروبۆچوونی جیاوازیان هەیە و تەنانەت لەسەر یەک پرسی نیشتمانی دا کۆدەنگ نین بەڵکو هەریەکە لەو پارتە سیاسییانە خزمەتی بەرژەوەندی و ئەجێنداکانی خۆیان دەکەن.[2]

لێرەدا باس لەهەلومەرجی ناوخۆی هەرێمی کوردستان دەکەین :

کاریگەری ململانێی سیاسیی ناوخۆ لەسەر هەوڵەکانی بنیادنانی دامەزراوەکان (یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگە وەک نموونە) :

پڕۆسەی گواستنەوەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان لەدوای ساڵی ١٩٩١ەوە چووە قۆناغێکی نوێوە، کە لە ئەنجامدا بووە هۆی دامەزراندنی یەکەم پەرلەمانی کوردستان و ئەنجامدانی یەکەم هەڵبژاردن لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە و دواتریش پێکهێنانی یەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان.[3]

بەڵام دواتر بەهۆی دابەشکردنی پۆست وئیمتیازاتەکان لەنێوان پارتەکانی بەرەی کوردستانی، بووە هۆی دابەشبوونی ئەم بەرەیە لەنێوان(پارتی دیموکراتی کوردستان) و ( یەکێتی نیشتمانی کوردستان)، کە سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی لەنێوان ساڵانی( ١٩٩٤-١٩٩٨) لێکەوتەوە، کە ئەم شەڕە بووە هۆی دروستبوونی دوو حکومەت ( دوو ئیدارەیی) لە هەرێمی کوردستان، بەشێوەیەک ئیدارەی یەکەم لە شاری هەولێر لەلایەن (پارتی دیموکراتی کوردستان) و ئیدارەی دووەم لە شاری

---

1- عملية فرض الأمن بكركوك.. التفاصيل والأطراف المشاركة، موقع الجزيرةنت، تاريخ النشر2017/10/19، تاريخ الزيارة2025/2/3:

https://www.aljazeera.net/encyclopedia/19/10/2017

2- مراد حەکیم و لەیلا ئەمیر، کۆمەڵگەی کوردستانی باشور لە نێوان یەکگرتووی و پەرتەوازەی دا، کتێبی (سیاسەت و کۆمەڵگە لە باشوری کوردستان)، ئینستیتوتی سیاسەتی گشتی، هەولێر، ٢٠٢٠،ل٤

3- دلاوەر عبدالعزیز عەلائەدین،نیشتمانسازی وسیستەمی فەرمانەڕەوایەتی خۆماڵی لەهەرێمی کوردستان،چاپخانەی ئاراس ،هەولێر،٢٠١٣،ل٥٠.

سلێمانی لەلایەن (یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە) پێکهێنرابوو، ئەمەش بووە هۆی دابەشبوونی سیاسی و ئیداری و تەنانەت جوگرافیش، بەڵام دواتر بەهۆی نێوەندگیری وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی کۆتایی بەم دوو ئیدارەییە هێنرا و دوای چەندین دانووستاندن تا ساڵی ٢٠٠٦ بەردەوام بوو سەرئەنجام گەیشتنە ڕێککەوتنی کۆتایی کە بووە هۆی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە.[1]

یەکێک لە گرفتە هەرە گەورەکانی هەرێمی کوردستان لەرووی سەربازییەوە دابەشبوونی هێزی سەربازی و ئەمنییەکانە بەسەر دووپارتی سەرەکی، ئەمەش هەڕەشەیەکی جەوهەری و جددییە لەسەر ئاسایشی سەربازی هەر وڵاتێک، و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەرەتای دامەزراندنییەوە هێزی پێشمەرگەی کوردستانی وەکوو سوپای نشتیمانی هەرێمی کوردستان پێناسە کردووە و تەنانەت لە دەستووری عیراقیشدا دانی پێدانراوە کە هێزێکی یاساییە، هێزی پێشمەرگە لە ماوەی دامەزراندنیدا دوو ئەرکی تەواو لێکجیاوازی گێڕاوە؛ هەم بەرگریکاری نیشتمان بووە، هەمیش پارێزگاری ئەم دوو پارتە سیاسییە بووە.[2]

و ژمارەی شەڕەکانی هێزی پێشمەرگەی پارتەکان لەگەڵ یەکتر کەمتر نییە لەگەڵ شەڕ و پێکدادانەکان لەگەڵ دوژمنەکانی نیشتمان بگرە هەندێ کات خوێناویتریش بووە کە لوتکەکەی شەڕی ناوخۆ بوو، لەلایەکی ترەوە ئەوەی کە هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە بووە لە بواری ئەمنی و سەربازی هەرێمی کوردستان ئەوە بووە کە لەوەتەی دروست کردنی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمەوە، دۆسیەی پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆ بە نادامەزراوەیی و نارێکخراوەیی ماوەتەوە و هەر لە چنگی حزب دا بووە، وەزارەتی پێشمەرگە لە یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمەوە دامەزراوە کە ئامانج لە پێکهێنانی وەزارەتەکە بریتیی بووە لە یەکخستن و بە نیشتمانیکردنی هێزی پێشمەرگە و چەکدارەکانی سەر بە پارتە سیاسییەکان، چونکە پێشمەرگەکانی ئەم پارتانە لە شاخەوە بۆ شار دابەزیبوون و پێویستبوو لە چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی و یاساییدا ڕێکبخرێنەوە و تەنها فەرمان لە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە وەربگرن.[3]

هێزەکانی پێشمەرگە پێکهاتووە لە یەکەکانی (٧٠) و (٨٠) کە سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانن، لە پاش تێپەڕبوونی ٢٨ ساڵ بەسەر تەمەنی یەکەمین کابینەی حکوومەتی هەرێم، لەڕووی ژمارەوە هێزەکانی سەربازی و ناوخۆ بە تەواوی زیادی کردووە بەڵام بەدامەزراوەیی نەکراون.[4]

هەروەها دەبێت ئەوە بوترێت کە بەشێوەیەکی گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پێشمەرگە نەیانتوانیوە هێزەکانی پێشمەرگە بەدامەزراوەیی بکات، ئەمەش پەیوەندی چەندین پرسەوە هەیە کە ئەمانەن:[5]

- ڕێگە خۆشکردن لەدەستێوەردانی حزبی لەکاروباری هێزی پێشمەرگە.
- تا ئەم هێزانە لەلایەن بەرپرسانی پارتە سیاسییەکانەوە فەرمان وەربگرن.

---

1-سەردار قادر محی الدین-فەرهاد جلال مصطفی، بنية الفرصة السياسية في إقليم كوردستان العراق دراسة الإحتجاجات الشعبية خلال ٢٠٠٣ – ٢٠١٣، مجلة الدراسات السياسية والامنية، المجلد الرابع،العدد الثامن،٢٠٢١،ص٢٧.

2- - د.ئومێد رفیق فتاح- د.عابد خالد رسول، پرۆسەی بە دامەزراوەییکردنی هێزەکانی پێشمەرگە :هەنگاو و ئاستەنگەکان، گۆڤاری لێکۆڵینەوە سیاسی و ئەمنییەکان – ژمارە (٢) لە بەرگی (١)، سلێمانی،٢٠١٨،ل١٦٧-١٦٨.

3- صالح عمر عیسی-پەرویز رەحیم ، پرسەکانی ئاسایشی سەربازی و سیاسی هەرێمی کوردستان-عێراق لە روانگەی باری بۆزان لە دوای ٢٠١٧، گۆڤاری قەڵای زانست، بەرگی ٦، ژمارە٢، هەولێر، ٢٠٢١،ل٣٥٨-٣٥٩.

*پێشمەرگە واتاکەی لەزمانی کوردی بە مانای(ئەوانەی کە ڕووبەڕووی مەرگ )دەبنەوە،ئەوهێزە چەکدارانەیە کەلەپێناوی مافی نەتەوەی کورد خوێنیانداوە . بڕوانە: وینثروب رودجرز، مستقبل البيشمركة فى ظل تحديات وآفاق متقبلة فى اقليم كردستان،مركزالبيان للدراسات والتخطيط، بغداد، ٢٠٢٣،ص٧.

4- زریان ڕۆژهەڵاتی، کاریگەری پێشمەرگە لەسەر برەندسازی نەتەوەیی کوردستان، کتێبی (سوپا و دەوڵەت)، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، هەولێر، ٢٠١٧، ل.ل٥٨-٥٩.

5- د.ئومێد رفیق فتاح- د.عابد خالد رسول، پرۆسەی بە دامەزراوەییکردنی هێزەکانی پێشمەرگە :هەنگاو و ئاستەنگەکان، هەمان سەرچاوە،ل١٦٧-١٦٨.

- خەمساردی و لاوازی و کەموکوڕییەکانی لیژنەی چاودێری کاروباری پێشمەرگە لەپەرلەمان.

-پەروەردە و ڕۆشنبیر نەکردنی پێشمەرگە لەسەر بیروباوەری نیشتمانپەروەری، بەپێچەوانەوە گرنگیدان بەباوەری حزبی.

بۆیە ئەوەی دەبێت بیڵێین لێرەدا ئەوەیەکە هەنگاوەکانی بەدامەزراوەییکردنی هێزەکانی پێشمەرگە کاتێکی زۆری ماوە و ویست و ئیرادەی پێویستە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئەوەی لە ململانێ تەسکە حزبی و سیاسییەکان دووریان بخاتەوە و بیانکاتە هێزێکی نیشتمانی، گەر بێتو پارتە سیاسییەکان دەستبەرداری هەژموونی حزبی خۆیان نەبن بەسەر هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێم ئەوا ئەستەمە ببێت بە هێزێکی ڕێکێخراوی دامەزراوەیی نیشتمانی.[1]

هەربۆیە یەکێک لە مەترسییەکانی نەبوونی هێزێکی دامەزراوەیی یەکگرتوو بریتییە لە دیاردەی فرە هێزی چەکداری و نەبوونی هێزی دامەزراوەیی، ئەمەش کاریگەری لەسەر ئاسایشی نیشتمانی درووست دەکات، هەربۆیە ئەو کۆمەڵگا و وولاتانەی بەدەست دیاردەی فرە هێزی و هێزی حزبییەوە دەناڵێنن بەردەوام تووشی جەنگی ناوخۆ و قەیرانی گەورە دەبن ، هەموو جارێک مەترسی گەورە لەسەر ئەو وڵاتانە دروست بووە، سەبارەت هەرێمی کوردستان هەبوونی ئەو دیاردەیە لە زۆر ڕووەوە زیانی گەورەی هەبووە و لە زۆر حاڵەتیشدا مەترسی گەورەی بۆ سەر قەوارە و کیانەکەی دروست کردووە و لە داهاتوویشدا دەکرێت مەترسییەکان زۆرتر و گەورەتر بن لەوەی کە ئێستا هەیە، ئەمە لە حاڵەتێکدا ئەگەر کار نەکرێت بۆ یەکگرتنی هێزەکانی پێشمەرگە، بەکورتی مەترسییەکان لەم خاڵانەدا کورت دەکەینەوە:[2]

-تۆخبوونی دوو ئیدارەیی و نەبوونی حکومەتێکی بەهێز لە هەرێمی کوردستاندا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی هێزی چەکداری حزبی لە کوردستاندا، کە کاریگەری هەبووە لەسەر ئەو بڕیارانەی حکوومەت دەریان دەکات و بەشێکی زۆری ئەو بڕیارانە لە هەموو کوردستان جێبەجێ نەکرێن، هەربۆیە گەر بێتوو پەلە نەکرێت لە یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە و گرژی نێوان لایەنەکان بەتایبەت ئەوانەی خاوەن هێزی سەربازین لەهەرێم دەبێتە هۆی زۆربوونی مەترسی شەڕی ناوخۆ، لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری ئەو هێزە سەربازییانە فەرمان لە حزبەکان وەردەگرن نەك لە دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان، بۆ نموونە یەکێك لە هۆکارەکانی جەنگی ناوخۆ لە کوردستان ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەبوو بەوپرسەی کە باسمان کرد ئەگەر لە دوای ساڵی 1991 هێزێکی یەکگرتوو پێکهێنرابا ئەوا هەرێمی کوردستان تووشی جەنگی ناوخۆ و دوو ئیدارەیی نەدەبوو، هەربۆیە ئەگە بێتوو هێزێکی دامەزراوەیی لە هەرێمی کوردستان هەبوایە ئەوا هەرگیز ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر ڕووی نەدەدا.

٢-زۆربوونی گەندەڵی و سەرهەڵدانی دیاردەی قاچاخچییەتی لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەتیش لە دەروازە سنوورییەکان کە ئەمەش پەیوەندی بە هێزی چەکداری حزبییەوە هەیە، کە زۆرجار ئەوکەسانەی باڵادەستن لە هەرێمی کوردستان هێزی پێشمەرگە بەکاردەهێنن بۆ قاچاغی و بەرژەوەندییە تایبەتەکانیان

٣- لاوازی و بێ متمانەیی دۆستەکانی کورد لە دەرەوە: خەمساردی و پابەندنەبوونی دامودەزگا پەیوەندیدارەکان لەسەر یەکخستنی هێزە کانی پێشمەرگە لەهەرێمی کوردستان، وا خەریکە هاوپەیمانانی کورد متمانەیان بە هەرێم نامێنێت، هەرچەندە فشار و هەوڵەکانیان خستۆتەگەڕ ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا نەتوانراوە هەنگاو بنێن بۆ بەدامەزراوەییکردن و یەکگرتنی هێزەکانی پێشمەرگە.

٤- لە ئێستادا پێگەی هەرێم بەرامبەر بەغدا و وڵاتانی دیکە بەرەو لاوازبوون دەڕوات، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هێزێکی دامەزراوەی نیشتمانی یەکگرتوو، بێگومان ئەمەش کاریگەری هەبووە کەوای کردووە حکومەتی عێراق و وڵاتانی دراوسێ سوود ببینن و بەکاریان بهێنن لەدژی یەکتری.

---

1- دانا علی صالح- کارزان أحمد عمر،مامەڵەی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە ئالنگارییەکانی ئاسایش لە دوای ساڵی ٢٠١٤، گۆڤاری لێکۆڵینەوە سیاسی و ئەمنییەکان،ژمارە٢،بەرگی٧، هەولێر،٢٠٢٤،ل١١٨.

2- دانا عەلی ساڵح بەرزنجی، دیوە تاریکەکەی ئەزموونی حوکومڕانی لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری خاڵ، سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فکری ، ژمارە ٣٦، سلێمانی،٢٠٢٢،ل٨.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

٥-دەبینین بەردەوام هێزەکانی پێشمەرگە لەلایەن بەرپرسە گەورەکانی ئەو دوو پارتە لە دەرەوەی دامەزراوە فەرمییەکان بۆکاری کەسی بەکار دەهێنرێن.

دوو دەسەڵاتدارەکەی هەرێمی کوردستان ئامانجیان لە بەسەربازییکردنی کۆمەڵگەی کوردی بریتیە لە:[1]

١-بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان لەناوخەڵک دا.

٢-ترسی بەردەوامییان لە یەکتری.

٣-هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگەی کوردی.

٤-بەرگریکردن و پاراستنی دەستکەوتە حزبیەکان.

٥-مسۆگەرکردن و پاراستنی بەرژەوەندییە ئابووریەکانیان.

دەرئەنجامی ئەم بەسەربازیکردنی کۆمەڵگەی کوردییە چەندین لێکەوتەی هەیە:[2]

-لەڕووی سیاسییەوە: ناکۆکییە هەمیشەییە سیاسییە بەردەوامەکانی نێوان پارتی و یەکێتی ئەگەری شەڕی سەربازی هەیە، وهەروەها پرۆسەی دیموکراسی لەهەرێمی کوردستان چەق دەبەستێت و دەبێتەهۆی پەکخستنی دامەزراوەکانی حکومەت، بۆ نموونە :پەکخستنی پەرلەمان لە١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥ ڕووی دا.

-لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە: دۆخێکی مەترسیداری دروست کردووە خەڵکی لەدڵەڕاوکێدا دەژی و زۆربوونی دیاردەی تەقەکردن و کوشتن و زیادبوونی دوژمنارییەتی لە نێوان هۆز و خێڵەکان.

-لەڕووی ئابوورییەوە: بەسەربازییکردنی هەرێمی کوردستان باری سەرشانی حکومەتی قورسکردووە بەشێوەیەك کە ناتوانێت وەکو پێویست خزمەتگوزاری بگەیەنێت ئەمە لە کاتێکدا زیاتر لەنیوەی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بواری سەربازی خەرج دەکرێت.

## تەوەرەی دووەم

## نەبوونی ڕەوایەتی و کێشەی متمانە

گەر بێت وسەرنج بدەین دەبینین پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان هەرەسی هێناوە، ئەمەش پەیوەندیدارە بەقەیرانی متمانە لە هەرێمی کوردستان ، کە ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر پرەنسیپ و بنەمای متمانەی هاوڵاتی لە هەرێمی کوردستان هەیە، چونکە نەتوانراوە جەخت لەسەر لایەنەکانی تر بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئاستی ڕەوایەتی بۆ پلەیەکی باشتر و چاکتر بڵند بکرێت، بۆ نموونە وەك دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان و خۆشگوزەرانی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و هتد. دەبینین خاڵێکی گرینگ کە جێگای باسکردنە ئەویش ئەوەیە زۆربەی هاوڵاتییان لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەمیشە باوەڕیان بەو بابەتانە هەبووە کە چارەنووساز و نەتەوەیی و نیشتمانین بۆ نموونە وەك پاراستنی خاکی کوردستان و ڕیفراندۆم و پرۆسەی دەوڵەت، کەواتە، ئەو پرسانە جۆرێك لە ڕەوایەتی نەتەوەییان هەیە، بەڵام ئەوەی جێگەی خەم و پەژارەیە ململانێ و ناکۆکی ناڕەوای نێوان حزب و پارتە سیاسییەکانە کە بووەتە هۆی فەرامۆشکردنی پرسە نیشتمانییەکان و تەنانەت کاریگەری لەسەر پەرتەوازەبوونی کۆمەڵگەی کوردی هەبووە، بەگشتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیکی ئاشکرا لە قەیرانی ڕەوایەتیدایە و سەرنجامی ئەمەش هێز و توانای دەسەڵات و سیستەمی سیاسی لاوازتر دەکات و لە بەدەستهێنانی ئامانجە گەورەکان دوورترمان دەخاتەوە، لێرەدا سروشت و ڕۆڵی دەسەڵات و شێوازی کاری پارت و حزبە سیاسییەکان و بونیادی دامەزراوەکان و بنەما و پرەنسیپی ڕەوایەتی لە هەرێمی کوردستان لە حاڵەتیکی قەیراناوی و شازدان کە پێویستە لە ڕیشەوە چاکسازیان تێدا بکرێت.[3]

---

1-بەسەربازی کردنی هەرێمی کوردستان:بۆچی دەسەڵات پەنای بۆ بەسەربازیکردنی کۆمەڵگەی کوردی بردووە؟، سەنتەری توێژینەوەی نەوەی نوێ،ل٦.

2- هەمان سەرچاوە،ل٦.

3- ئاشتی مەجید پیرۆ، هەڵسەنگاندنی ئەزموونی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان – عێراق، نامەی ماستەر ، کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٦،ل.ل٩٦-٩٧.

## باسی دووەم

## پرسی گەندەڵی لە دامەزراوەکان

هەروەک دەزانین گەندەڵی دیاردەیەکی جیهانییە و لە هەموو بار و کاتێکدا ڕووبەڕووی کۆمەڵگاکان دەبێتەوە لەپرۆسەی حکومڕانێتی دا، بەتایبەت ئەو کۆمەڵگا و وڵاتانەی کە لەڕووی حوکمڕانی دامەزراوەییەوەلاوازن تێیدا زەمینەی لەبارتر بۆ گەشەکردنی گەندەڵی ئامادەیە، لە هەرێمی کوردستان ئەم نەخۆشییە ئامادەیی تەواوی هەیە و لە هەموو جومگە جۆراوجۆرەکانی حوکمڕانی و دامەزراوە جیاوازەکانی حکومەتدا بوونی هەیە، ڕاگەیاندنی پرۆژەکانی چاکسازی لە ساڵانی پێشوو و هەروەها ئەو یاسا و بڕیارانەی لەم پرسەدا دەرکراون و دامەزراندنی دەستەی دەستپاکی و ڕاگەیاندنی ستراتیژی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان بەڵگەی بوونی ئەو دیاردەیەن.[1]

سەرهەڵدانی ڕیشەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ دوای سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی گەلی کوردستان لە ئازاری ساڵی (1991)دا، کە دەرەنجامەکەی بووە هۆی ئازادکردنی نزیکەی نیوەی خاکی کوردستانی عێراق و جیابوونەوەیەکی ڕێژەیی لە بەشەکانی تری عێراق، دامودەزگا کارگێڕی و سیاسی و سەربازییەکانی لە پارێزگەکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک، ئەمە وایکرد کە ئەو پارێزگایانە لە ڕووی کارگێڕی و داراییەوە سەربەخۆبن و لە حکوومەتی ناوەندیی عێراق جیا ببنەوە، و دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان لەڕووی ڕاپەڕاندنی ئەرکە کارگێڕییەکانەوە بەهۆی دابەشبوونی جوگرافییەوە لاواز بوون، وەهەروەها نەبوونی لێهاتوویی و پسپۆڕی وشارەزایی لەو کاتەدا بووە هۆی پەیدابوونی ڕۆتین و سەرهەڵدانی دیکتاتۆری کارگێڕی و دیاردەی قۆرخکاری ئابووری و واستە و تەزویرکردنی بڕوانامە و بەڵگەنامە فەرمییەکان و نەبوونی هەستی بەرپرسیارێتی کارکردن و پابەند نەبوون بە جێبەجێکردنی یاسا و بەفیڕۆدانی سامانی گشتیی وڵات، کە هەموو ئەمانە هۆکاری سەرەکی بوون بۆ سەرهەڵدانی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان.[2]

### تەوەرەی یەکەم

### فۆڕمەکانی گەندەڵی

چەمکی گەندەڵی لەلایەن توێژەران وپسپۆڕانی زانستە مرۆڤایەتیەکان چەندین پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە و کۆدەنگییەك لەنێوانیاندا نییە بۆ ئەوەی پێناسەیەکی ڕاست و درووست بۆ ئەم چەمکە بکەن، ئەمەش بەهۆی ئەوەی هەریەکەیان بەپێ ڕوانگە و تێڕوانین خۆیەوە پێناسەی بۆ کردووە، لێرەدا کۆمەڵێک پێناسەی دەخەینەڕوو:

هەندێکیان بەمشێوەیە پێناسەی گەندەڵی دەکەن و دەڵێن گەندەڵی بریتیە لە( ڕەفتاری فەرمانبەرانی دامەزراوە حکومیەکان کە لە یاسا پەسەندکراوەکان لادەدەن بۆ خزمەتکردنی ئامانجی تایبەتی خۆیان).[3]

هەندێکی تریشیان پێیان وایە گەندەڵی بریتیە لەئەو کارانەی کە تاکەکان لەدەرەوەی دامودەزگاکانی حکومەت ئەنجامی دەدەن سوود بە فەرمانبەرانی گشتی دەگەیەنن، بەوەی ڕێگەیان پێدەدرێت خۆیان لە یاسا وسیاسەتەکان دەرباز بکەن، بەدارشتنی یاسای نوێ یان هەڵوەشاندنەوەی یاسا بەرکارەکان، کە توانایان پێدەدات دەستکەوتی ڕاستەوخۆ و دەستبەجێ بەدەست بهێنن و کارمەندەکان دەستکەوت بۆ خۆیان یان کەسوکار و یان هاورێکانیان دەستەبەر دەکەن لەڕێگەی داواکردن

---

1-أمين بلعيفة- عبدالنور زوامبية، أزمة الشرعية في الأنظمة السياسية العربية وانعكاساتها على الأستقرار الأجتماعي في المنطقة، المجلة النقدية للقانون والعلوم السياسية تيزي وزو، العدد١، ٢٠١٩،ص.ص٢٥٦-٢٥٧.

2-جونا سوبحی – دڵخواز ئیسماعیل، دیاردەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان،ماڵپەری پێنووس، ڕۆژی بڵاوکردنەوە١٠/٨/٢٠١٧،ڕۆژی سەردانی کردن٢٠/١/٢٠٢٥:

https://www.penus.krd/archive/index.php/ckb/33-11-19-02-04-2018/item/38-56-18-02-09-2018-474

3-Gopal J. Yadav, "Corruption in developing countries : causes and solutions", global blues and sustainable development: the emerging challengers for bureaucracy, technology and governance , international political science association, university of south Florida, September 2025,p.01.

یــان وەرگرتنــی ســوود لە تاکەکــان بــۆ دابینکــردنی خزمەتگــوزاری ڕاســتەخۆ ودەســتبەجێ، لەڕێــگەی داڕشــتن یــان هەڵوەشاندنەوەی یاساکان یان سیاسەتێک کە لەڕێگەی ئەوە دەستکەوتی ڕاستەوخۆ بۆیان بەدەست دێت.[1]

لێرەدا باسی جۆرەکانی گەندەڵی دەکەین، جۆرەکان زۆرن ، ئێمە لێرەدا باسی هەندێکیان دەکەین، بەمشێوەیە :[2]

١-گەندەڵی بچووک: ئەم جۆرەیان فەرمانبەر و بەرپرسە بچووکەکان بەرتیل وەردەگـرن، کە مووچەکانیـان سـنووردارە ئەم بەرتیلە وەردەگرن لە ئەنجامی کارئاسانی هەندێک کار.

٢-گەندەڵی گەورە: ئەم جۆرە گەندەڵییە خۆی دەبینێتەوە لە بەرپرسە باڵاکان و سەرکردە سیاسییەکان، بەشـێکی بـودجەی گشتی بـۆ بەرژەوەنـدی تـایبەتی خۆیـان تەرخـان دەکەن بـۆ سـوود وەرگـرتن لە سـەرمایەگوزاری، لێـرەدا ئامـانجی مـاددی وکۆمەڵایەتی خۆیان لەبەرچاودەگرن.

٣-گەندەڵی سیاسی: سەرکردە سیاسیەکان کە دەسەڵات قۆرخ دەکەن و پۆستەکان لەنێوان خۆیاندا دابەش دەکەن بەشێوەی بەشبەشێن.

٤-گەندەڵی گشتگیر: ئەم جۆرە گەندەڵیە لەگشت دامو دەزگا و کۆمپانیاکانی دەوڵەت باوە، بە نەمانی چاودێری حکـومەت و دامەزراندنی کەسوکار وئەنجامدانی گرێبەستی نادیار و گواستنەوەی موڵکەکانی دەوڵەت بۆ بەرژەوەندی تایبەت، ئەمەش دەبێتە هۆی ڕووخانی بونیادی دامەزراوەکان.

لێرەدا سەرنج دەخەینە سەر ئەو جۆرانەی گەندەڵی کە لەهەرێمی کوردستاندا باوە[3]، بەمشێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: خزمخـزمێنە: ئەمەیـان زۆر بەربـڵاوە کە بە پێـدانی پۆسـتێکی حکومـی لــەلایەن بەرپرسـێک بــە ئەندامێکــی خێزانەکــەی یــان هــاوڕێیەکی لەســەر بنەمــای خــوێن و پەیوەنــدی خێزانــی نەک لەســەر بنەمــای پێــوەر و لێهــاتوویی دەناسرێتەوە، و ئـەم جۆرەیان زۆر باوە بەجۆرێك کە هەموو جوومگەکانی دەسەڵات پڕن لە کەسوکاری پارتە سیاسییەکان، لە هەرێمـی کوردســتان دا بەگشـتی و لـەنێـو هەمــوو حزبــەکان و هەنــدێ دامەزراوەی حکـومەتیش گەنـدەڵی وەکـو دیاردەیەکی ڕۆژانە مامەڵـەی لـە گـەڵ دەکرێت.

دووەم: پاترۆنەیج: ئەم جۆرەیان دەردەکەوێ لەوەی کە لە پرۆسـەی سـزادانی کارمەنـدانی حکومــەت لەســەر بنەمــای بــاوەڕی سیاســییان، ئەمە کاتێــک ڕوودەدات کەحزبێــك ســەردەکەوێت بــۆ دەســەڵات هەڵدەســتێ بــە دەرکردنــی فەرمانبەرانـی دەوڵـەت تەنیـا لـە بـەر ئـەوەی دەنگیـان بـە حزبـی نەیـار و حزبەکانـی دیکـە داوە، لە کوردستاندا نموونەی وامان زۆرە کە لەکاتی سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆن و جیابوونەوەکان لەناو حزبەکان لە مافە داراییەکان بێبەش دەکرێن.

سێیەم: : پێکدادانی بەرژەوەنـدی یاسـایی: شێوەی ئەم جۆرە گەندەڵییە کاتێک سەرهەڵدەدات کـە ئەندامانی پەرلەمــان لەســەر دەرکردنــی هەنــدێ بڕیــار و یاســا ڕێکــدەکەون کــە بەرژەوەنــدی تایبەتــی خۆیــان بە شــێوەی جۆراوجــۆر دەپارێزێت، ئەم جـۆرە گەندەڵییەشـمان هەسـت پێکـردووە کاتێـک ئەنـدامانی پەرلەمـان لە کوردسـتان یەکیـانگرتووە بـۆ دەسکەوتی کەسی خۆیان، بۆ نموونە پرسی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردسـتان. چـوارەم: پێکدادانــی بەرژەوەنــدی

---

1-حمدي عبد العظيم ، عولمة الفساد وفساد العولمة ، الدار الجامعية ، الاسكندرية ، ط١ ، ٢٠٠٨،ص22.

2-سام سليمان دله، إبراهيم على الهندي، "الفساد الاداري وأثره على الجهاز الحكومي"، المؤتمر العربي الدولي لمكافحة الفساد، أكاديمية نايف العربية للعلوم الامنية، مركز الدراسات والبحـوث، الريـاض، ،2003 ص3، وبڕوانە: أحمـد صـقر عاشور، "قياسودراسة الفساد في الدول العربية" مؤشر الفساد في األقطار العربية إشكاليات القياس والمنهجية، المنظمـة العربية لمكافحة الفساد والمؤسسة العربية للديمقراطيـة، بـيروت، ،2009 ص.36، وبـڕوانە: عطـا اهلـل خليـل، "مـدخل مقترح لمكافحة الفساد في العالم العربي"، مكافحة الفساد في الوطن العربي، المنظمة العربية للتنمية اإلدارية، جامعـة الدول العربية، القاهرة، ،2009 ص.342.

3- د.هێمن میرانی، گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی لە کوردستان،گۆڤاری شرۆڤە،ژمارە٢٩، هەولێر،٢٠١٩،ل٦٧.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

بیرۆکراسی: ئەم جۆرە کاتێک ڕوودەدات کە فەرمانبەری دەوڵەت لە ئاستی بەرز پێگەی خۆی و ئەو زانیاریانەی لە دەوڵەتدا لەدەستی دایە بەکاری دەهێنێت بۆ ئەوەی بەرژەوەندی دامەزراوەیەکی تایبەت بپارێزێ.[1]

بۆ زیاتر بەرچاوڕوونی دەتوانین ئەو فۆرمانەی گەندەڵی کە لەسەرەوە باسمان کرد لەسەر هەرێمی کوردستان تاقیبکەینەوە، لەپاش دابەشبوونی کوردستان بۆ دوو(زۆنی زەرد-زۆنی سەوز) دامەزراندن لە کەرتی گشتی و وەرگرتنی پۆست و پلە حکومییەکان بە تەزکیەی حزبی بوو ، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر چەندین نموونە دەخەینەڕوو:

١-دامەزراندن لەکەرتی گشتی دا: دامەزراندنی فەرمانبەری ئاسایی لە کەرتی گشتی لەسەر بنەمای حزبی یان کەسی و خزمایەتی بوو، بەپێی ڕاپرسی ساڵی ٢٠١١ (٢٤%)ی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی لەهەرێمی کوردستان بەهۆی پەیوەندی خزمخزمێنە دامەزراون، کە بەشێکی زۆری ئەو فەرمانبەرانە لەکاتی دامەزراندنیاندا بەهۆی پیشتوانی نزیک لە حزبە سیاسییەکان دانران.[2]

٢-دەستنیشانکردن بۆ پۆست و پلە کارگێریەکان: ئەم پۆستە کارگێڕییانە پۆستی سیاسی نین و نابێت دەستوەردانی تێدا بکرێ و لەلایەن حزبە سیاسییەکانەوە دەستنیشان بکرێن، بەڵام لە هەرێمی کوردستان حزبەسیاسییەکان خۆیان بەڕێوەبەر وبەرپرسەکان بۆ ئەم پۆستە کارگێریانە دەستنیشان دەکەن، بۆ نموونە لە کەرتی پەروەردەدا بەڕێوەبەر و یاریدەدەری بەرێوبەری قوتابخانەکان لەلایەن حزبە سیاسیەکان دیاری دەکرێن، وهەروەها لەزانکۆکانیش سەرۆکی زانکۆ و جێگرەکانی و ڕاگر و جێگری ڕاگر و سەرۆک بەشەکان لەلایەن حزبە سیاسییەکان دیاری دەکرێن.[3]

٣-ئەو کەسانەی لەکەرتی گشتی دا دامەزراون بەڵام دەوام ناکەن : ئەم جۆرە گەندەڵییە دیارترین جۆری گەندەڵییە لە هەرێمی کوردستان کە دامەزراوەکانی تەنیوە، ئەمەش دەرخەری بە حزبیکردنی دامەزراوەکانی حکومەت و لاوازکردنییەتی، کاتێک بودجە لەبەغداوە بۆ هەرێمی کوردستان دەنێردرا پارتی و یەکێتی بەبێ گوێدانە ئەوەی کە ئەم کەسانە لە دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکەکانیان ڕادەپەڕێنن یاخود نا لەسەر ئەستۆ و بودجەی حکومەت مووچەیان بۆ هەزاران لایەنگری خۆیان بەناونیشانی جیاواز تەرخان دەکرد.[4]

بەهۆی بەحزبیکردنی پۆست و پلە سیاسییەکان لەهەرێمی کوردستان گەندەڵی زۆرتر و زیاتر گەشەی کردووە و فراوانتر بووە، ئەمەش لەبەرئەوەی زۆربەی ئەو پۆست و پلەو پایانە ئەوەندەی بە پێوەری حزبی دانراون و دەستنیشان کراون ئەوەندە لەسەر بنەما و پێوەری لێهاتوویی و کارامەیی نەبووە، وهەورەها هۆکارێکی تریش هەیە ئەویش ئەوەیە کە پارتە دەسەڵاتدارەکان لەهەرێمی کوردستان کاریگەریان هەبووە لە دانانی کەسەکان بۆ پۆستە کارگێڕی یان حکومییەکان، لێرەدا ئەو کەسانە گوێڕایەڵی حزب یان بەرپرس سیاسی دەبن، دەرئەنجامی ئەمەش زیانی گەورەی هەیە بۆ لاوازکردنی دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چوونکە ئەو کەسانەی کە لەسەر بنەما و پێوەری حزبی بۆ پۆستە کارگێڕی و حکومییەکان دەستنیشان کراون خۆیان بە ملکەچ و قەرزار دەبینن بەرامبەر بەو حزبانە، هەر بۆیە دەبینین کە گەندەڵی بەردەوامی هۆکارێك بووە بۆ ململانێ و ناکۆکەکانی نێوان دەسەڵات و هاوڵاتی، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی متمانەی بەدامەزراوکان لاواز و بێهێز بێت، بەگشتی پرسی گەندەڵی لە وڵاتاندا بووەتە جێگەی نارەزایی و نائارامی بۆ تاکەکانی ناو کۆمەڵگە .[5]

---

1- ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بە ژمارە(55) لە ڕێکەوتی (2005/7/10) بڵاوکراوەتەوە.

2-بەحزبیکردنی دامەزراوە حوکمڕانی وکارگێریەکان لەهەرێمی کوردستان،سەنتەری توێژینەوەی نەوەی نوێ، ل.٣

2-د. یاسین صالح، حیزب و بەربەستەکانی بونیادنانی دەسەڵاتی دامەزراوەیی لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری شرۆڤە، سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی، ژمارە ٣١، هەولێر، ٢٠٢٠ ،ل 96.

4-بڵند دلێر شاوێس، گەندەڵی وئاییندەی هەرێمی کوردستان(توێژینەوەیەکی یاسایی وسیاسی)،چاپخانەی کارۆ،سلێمانی ،٢٠٢٣،ل.٧٠.

5- بڵند دلێر شاوێس، گەندەڵی وئاییندەی هەرێمی کوردستان(توێژینەوەیەکی یاسایی وسیاسی)،هەمان سەرچاوە،ل٧١.

کۆمەڵێک فاکتەر لە هەرێمی کوردستاندا هەن کە هۆکارن بۆ بڵاوبوونەوەی ئەم دیاردەیە لە سەرجەم بوارەکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی، کە بەکورتی تیشکیان دەخەینەسەر[1] :

١ -لاوازکردنی ڕۆڵی یاسا و دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستاندا.

٢-ناکۆکی پارتایەتی و دەستێوەردانی پارتە سیاسییەکان لە کاروبارەکانی حکوومەت، لێرەدا پارتە دەسەڵاتدارەکان دەست دەخەنە دامەزراوەکانی حکوومەت .

٣-دابەزینی متمانەی هاوڵاتی بەتوانا و ئیرادە و سیاسەتەکانی حکوومەت و دەسەڵاتی سیاسی.

٤- حزبەکانی هەرێم بەرژەوەندی خۆیان دەخەنەپێش بەرژەوەندی گشتی هاوڵاتیان لە دامەزراوەکانی حکوومەت، ئەمەش کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر لاوازی دامەزراوەکان لە هەرێمی کوردستان .

٥-نەبوونی هیچ بنەمایەکی ڕاستەقینەی بۆ لێپرسینەوە لە بەرپرسانی گەندەڵ لە هەرێمی کوردستان.

٦-خراپی دەزگای چاودێریکردن و لێکۆڵینەوە لە ئاشکراکردنی گەندەڵکاران لە کوردستان، کە ئەمەش هۆکارێکە لە هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی، هەرچەندە دەستەی گشتی دەستپاکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بوونی هەیە ، بەڵام بە گەرمی و چالاکی کارەکانی خۆیان بەجێ نەگەیاندووە.

چەندین گەندەڵی تریش هەن کە گرینگە باس بکرێت، بۆ نموونە پرسی (نەوت و گاز)ی هەرێمی کوردستان، بەپێی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (١١٢)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق لەساڵی ٢٠٠٥ دا هاتووە کە(حکومەتی فیدراڵ نەوت و گازی دەرهاتوو بەڕێوەدەبات لەو کێڵگانەی کە لە ئێستادا هەن لەگەڵ حکومەتی هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان، بەشێوەیەک داهاتەکەی دادپەروەرانە دابەش دەکرێت کە بگونجێت لەگەڵ دانیشتوان لەسەرانسەری وڵاتدا)[2].

بەڵام ئەم یاسایە پەیڕەونەکرا، لێرەدا هەرێمی کوردستان بەبێ ڕەزامەندی حکومەتی عێراق بەشێوەیەکی سەربەخۆ پڕۆسەی هەناردەکردنی نەوت و گازی ڕاگەیاند، ئەمەش لەسەر بنەمای یاسای نەوت و گازی ساڵی ٢٠٠٧ی هەرێمی کوردستان[3].

بۆ فرۆشتنی نەوت و گاز هەرێمی کوردستان هەڵساوە چەندین گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان ئەنجامداوە، ئەمە سەرەڕای فرۆشتنی نەوت لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، بەڵام تا ئێستا ناڕوونی لە داهاتی نەوت وگازی هەرێمی کوردستاندا هەیە و تەنانەت ئەو کێڵگە نەوتییانە لەلایەن کۆمپانیای تایبەتەکانی بەرپرسە باڵاکانی دوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی هەرێمی کوردستان کۆنترۆڵ کراوە، بەجۆرێك کە هیچ داتا و زانیارییەکی ڕاست و درووست لەسەر فرۆشتنی نەوت و گاز ناخرێتەڕوو و ڕێژەیەکی زۆری گەندەڵی لەم پرسە دا هەیە، و لەگەڵ ئەمەش خەڵکی هەرێمی کوردستان بەهۆی بێ مووچەیی و درەنگ پێدانی مووچەکانیانەوە دەناڵێنن، هەر ئەمەش وایکردووە خەڵک متمانە بە دامەزراوەکانی حکومەت نەکات.[4]

بەگشتی تەشەنەکردنی گەندەڵییەکان لە سەرجەم دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان کاریگەری خراپی لەسەر متمانەی هاوڵاتیان بەدامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبووە کە بووەتە هۆی بێ متمانەیی هاوڵاتیانی هەرێم و بێبایەخکردنی دامەزراوەکان، ڕوونە هەرکات گەندەڵی ڕوو لەزیاد بوون بکات ئەوا بێ متمانەیش زیاد دەبێت، (دلاوەر عەلائەدین) سەرۆکی ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە (مێری) یە ئاماژە بەوە دەدات کە گەندەڵی دیارترین بەڵگەیە کە هاوڵاتیان بەهۆیەوە متمانە بەدامەزراوەکان ناکەن، چونکە قەبارەی گەندەڵی لەگشت بوارەکان بووەتە هۆی لەناوبردنی متمانە لەنێوان حکومەت وهاوڵاتی، وهەروەها لەلایەکی ترەوە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان متمانە بە

1-جونا سوبحی – دڵخواز ئیسماعیل، دیاردەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان،هەمان سەرچاوە.

2-المادة(١١٢) من الدستور العراق الدائم٢٠٠٥.

3-یاسای ژمارە(٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٧،یاسای نەوت وگازی هەرێمی کوردستانی عێراق.

4- بڵند دلێر شاوێس، گەندەڵی وئاییندەی هەرێمی کوردستان(توێژینەوەیەکی یاسایی وسیاسی)،هەمان سەرچاوە،ل.ل١٣٤-١٤٠.

بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناکەن، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دانەمەزراندنی کەسی شیاو بۆ پێگە و پۆستەکان، ئەمر بێ متمانەییە زیاتر بۆ مانەوەی چەندین ساڵی ئەو بەرپرسانە لە پۆستەکانی حکومەت دەگەڕێتەوە. کە وەک قۆرخکردنی دەسەڵات لێی دەڕوانن و دەرفەت نادرێت کەسانی تر ئەو پۆستانە وەربگرن، وهۆکارێکی دیکەی زۆر بوونی بێ متمانەیی خەڵک بەرامبەر بە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو کەسانەی لەو پۆستانەدان زیاتر خزمەتی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان دەکەن نەک خزمەتی هاوڵاتیان،دەبینین سیستەمی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستان هاوشێوەی زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدەست دیاردەی گەندەڵی کارگێڕی و داراییەوە دەناڵێنێت، گەندەڵی بنەمای سەرەکی دواکەوتوویی و گەشەنەسەندنی ئابووری و سەرهەڵدانی مەترسییە گەورەکانە و شوێنەواری خراپی کارگێڕی و دارایی لەسەر ڕەوایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دروستکردووە .[1]

دەبینین لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە گەندەڵی کارگێڕی بووەتە هۆی داڕمانی بیروباوەڕی نەتەوەیی و لەناوبردنی تواناکان، وهەروەها بووەتە هۆکاری نائومێدی بەئایندەی گشتی، لەلایەکی دیکەوە نەبوونی بەڕێوبەری شارەزا و چاودێری لاواز و تێکەڵبوون و گشتگیری گەندەڵی لە هەموو ئاستەکانی کارگێڕی و ئابووریدا ئاسایشی ئابووری وڵاتی خستۆتە مەترسییەوە و بووەتە هۆی شکستی دامەزراوەکانی کۆمەڵگە. لەڕووی سیاسییەوە گەندەڵی لە پلەی ڕەوایەتی و کارگێڕی حکوومەت و بەها دیموکراسییەکانی کەمر کردۆتەوە. ئاشکرایە لە خوێندنەوە و شیکاری بۆ ڕووداوەکانی ڕابردوو بەدیار دەکەوێت کە لەنێوان ڕووخانی حکوومەت و گەندەڵیدا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گەندەڵی دەبێتە بەشێک لە کەلتوور و ڕووی ناشیرین و نادروستی ئەمر نەخۆشییە کەمر ڕەنگ دەبێتەوە و جێگەی خۆی لە کۆمەڵگەدا دەکاتەوە.[2]

## تەوەرەی دووەمر

### پرسی سەروەری یاسا

بۆ ناساندنی چەمکی سەروەری یاسا هیچ کۆدەنگیەک نییە لەسەر دەستەواژەی (سەروەری یاسا)، لەبەر ئەوەی چەمکێکی ئاڵۆزە، لێرەدا کۆمەڵێک پێناسە دەخەینەڕوو:

هەندێک پێیان وایە کە سەروەری یاسا بریتیە لە (ئامرازی ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و هاوڵاتی، بێ گوێدانە ئەو ئامانجانەی کەحکومەت دەیەوێت بەدەستی بهێنێت).[3]

وهەندێکی تریش پێیان وایە کە( سەروەری یاسا بنەمایەکە تێیدا سیستەمی حوکمڕانی لەسەر ئەمر بنەمایە پێکدێت، وتێیدا هاوڵاتی و دامەزراوە گشتی وتایبەتەکان لەبەردەمر یاسا دا بەرپرسیارن، وئەو یاسایە بە یەکسانی لەسەر هەمووان جێبەجێ دەکرێت)[4]

سەروەری یاسا دەتوانرێت بەچەند فاکتەرێک بەدەستبهێنرێت:[5]

١-دەبێت حکومەت و تاکەکان پابەندبن بەو یاسایانەی کە بەشێوەی ڕاگەیەنراو وتارەوە خراونەتەڕوو.

٢-دەبێت هەموو هاوڵاتیان لەبەردەمر یاسادا یەکسان بن لەڕووی لێپرسینەوە.

٣-هاوڵاتیان مافیان هەیە و ئەمر مافانەش بەپێ یاسا ڕێکخراون.

---

1-بارزان جوهر صادق، متمانە ی سیاسی بە سیستمی سیاسی هە رێمی کوردستان – عێراق، تێزی دکتۆرا،کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین،هەولێر، ٢٠٢٠،ل.ل١٧٥-١٧٧.

2-سهى محمد مصطفى، الفساد الإداري في المنظمات الحكومية(أسبابه وأثاره و طرق مكافحته) المجلة العلمية للدراسات التجارية والبيئية، المجلد الثامن ،العدد الثالث،2017،ص815.

٣-إبراهيم محمد درويش، القانون الدستورى، دار النهضة العربية، القاهرة، ٢٠٠٤،ص٦٩٦.

4-نعمان أحمد الخطيب: الوسيط في النظم السياسية والقانون الدستوري، دار الثقافة للنشر والتوزيع، الاردن، 2013، ص.175.

5- نحو ثقافة سيادة القانون ،دليل عملي، معهد الولايات المتحدة للسلام ، 2015، ص.٥-٣٧.

گەر سەیری پرۆژەی چاودێری پەرلەمانی کوردستان بکەین کە ئینستتیوتی پەی بە هاوکاری رێکخراوی سندوقی نیشتمانیی دیموکراسی(NED)ی ئەمەریکی جێبەجێی دەکات، 15راپۆرتی خۆی لەسەر دۆخی سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان بڵاوکردەوە و لە راپۆرتەکاندا سەبارەت بەو یاسایانەی لە ماوەی (30) ساڵدا (1992-2022) لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچوون رادەی جێبەجێکردن و پێشێلکردنیان خراونەتەڕوو، پەرلەمانی کوردستان وەك بەرزترین دامەزراوەی سیاسی و یاسایی و شەرعی هەرێم، لە ماوەی سی ساڵی تەمەنیدا (1992-2022) بە چەند قۆناغێکی بەرز و نزمدا رۆیشتووە و سەدان یاسای دەرکردووە، کە چەندین سەرنج لەسەر شێوازی دەرکردن و جۆری یاساکان هەبووە، راستە ئەرکێکی باشی ئەنجامداوە بەڵام ئەرکەکە تەنها بە دەرکردنی یاسا کۆتایی نایەت، بەڵکو جێبەجێکردنیان گرینگترە، لێرەدا زۆرینەی یاساکان یان ئەوەتا کاریان پێناکرێت یاخود وەك پێویست جێبەجێ نەکراون.، یانیش دەتوانین بڵێین سەرباری ئەوەی ماوەی (32) ساڵە حکومەت و پەرلەمانمان هەیە کەچی تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە هەرێمی کوردستاندا یاسا سەروەر نییە، ئەمە لە کاتێکدا سەروەری یاسا پەیوەندی راستەوخۆی هەیە بە بنیادنانی دامەزراوەی بەهێز، هەربۆیە لێرەدا هێزە سیاسییەکان بە گشتی و باڵادەستەکان بەتایبەتی پابەندی یاساکان نین، بێگومان تاکی هاوڵاتیش لەمە بەدەر نییە، هەریەکە لە دەسەڵاتەکانی (یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری)یش پێشێلی یاساکانیان کردووە و دەیکەن! ، ئەو یاسایانەی پێشێلکراون یانیش وەك پێویست جێبەجێ نەکراون دەکرێت پۆلێنیان بکەین بۆ:[1]

١-پێشێلکردنی یاسای هەڵبژاردن: بەشێکی پێشێلکاریەکان خۆیان دەبیننەوە لە دواخستن و ساختەکاری و دەستێوەردانی حزبی و دەرەکی.

٢-پێشێلکردنی دەستێوەردان لە کاروباری دادگاکان: وەك دەستێوەردانی حزبی و بەرپرسان لە دادگاکان و دانانی دادوەرەکان لەسەر پشکی حزبی و چەندانی تر.

٣- ناشەفافیەتی لە یاسای نەوت و کانزا و سامانە سروشتیەکان، کە هەریەکەیان بە جۆرێك لە جۆرەکان پێشلکاریان تیادا کراوە، وەك یاسای وەزارەتی سامانە سروشتیەکان و یاسای نەوت.

٤-ئەو یاسایانەی تایبەتن بە بواری ئابوری و دارایی : پێشلکاریان تێدا کراوە، بۆ نموونە یاسای وەزارەتی دارایی و یاسای وەبەرهێنان و مووچە و ئیمتیازاتی فەرمانبەران .

٥- ئەو یاسایانەی تایبەتن بە بواری تەندروستی ،وەك یاسای وەزارەتی تەندروستی و ماف و ئەرکەکانی نەخۆش و سندوقی پاڵپشتی توشبوانی شێرپەنجە.

٦-ناڕوونی لە داهاتی باج و رسومات .وەك باجی گومرگ و باجی خانووبەرە و باجی دەرامەت و رسوماتەکانی تر سەرجەمیان پێشێلکراون، حکومەت لە دەرەوەی یاسا باج و رسوماتی بەسەر هاوڵاتیاندا سەپاندووە.

٧- پێشێلکردنی یاسای ماف و ئیمتیازاتی چین و توێژە جیاجیاکان و راگرتنی پلەبەرزکردنەوە : وەک فەرمانبەران و پارێزەران و پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایش و خانەنشینان و ...هتد.

٨-یاساکانی دیکەی تایبەت بە خۆپیشاندان و توندوتیژی خێزانی و ماف و ئیمتیازاتەکانی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت.

٩-ئەو یاسایانەی تایبەتن بە دەستەکان، جا چ دەستە سەربەخۆکان بن یان ئەوانەی پەیوەستن بە حکومەتەوە، وەك دەستەی دەسپاکی و دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ و کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسی و دەستەی پاراستن و چاك کردنی ژینگە و ئەنجومەنی خانمان و دەزگای مین، رۆڵی هەریەکە لەمانە لاواز و بێهێز کراوە کە وەک پێوویست ناتوانن چاودێری پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستان بکەن، یاخو لەلایەن حزبەکانەوە ئاراستە دەکرێن و بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان بەکار دەهێنرێن.

---

1- دۆخی سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا، ماڵپەری ئینستتیوتی پەی، رۆژی بڵاوکردنەوە٢٠٢٤/١/١٣، رۆژی سەردانی کردن ٢٠٢٥/١/١٩:
https://payinstitute.org/2024/01/2024-01-13105556.html

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

دەتوانین لێرەدا هۆکارەکانی سەروەر نەبوونی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا لە چەند خاڵێکدا کورت بکەینەوە، کە بریتین لە:[1]

١- دەستورێك نییە کە دەسەڵاتەکانی تێدا جێگە بوویێتەوە و دەستنیشان کرابن.

٢- نەبوونی دادگای دەستووری کە چاودێری جێبەجێ کردنە.

٣-کۆنترۆڵکردنی حکومەت لەلایەن دوو پارتە دەسەڵاتدارەکە.

٤- سەربەخۆ نەبونی دەزگای داواکاری گشتی.

٥-سەربەخۆ نەبوونی دادگا و دادوەرەکان.

٦- دابەشنەکردن و جیانەکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە یەکتری.

٧- لاوازی دەسەڵاتی یاسادانان کە بریتییە پەرلەمان، بەتایبەت لە ڕووی چاودێری دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە.

٨- بێلایەن نەبوونی هێزەکانی ناوخۆ (پۆلیس) کە ئەرکی کۆنترۆڵی دادوەری لە ئەستۆیە.

٩- نەبوونی ڕۆڵ و تۆقاندن و سنوردارکردنی دەسەڵاتی چوارەم.

١٠-هەژموونی هێزی چەکداری حزبی.

١١-. ناڕوونی و نەبوونی شەفافییەت.

و بێلایەنی دەسەڵاتی دادوەری و دادگاکان و سەروەری یاسا لەدەسەڵاتی دادوەریدا ئامانج لێ گەیشتنە بە دادپەروەری لەنێوان هاوڵاتییان، بەجۆرێك کە لە کێشە گشتیەکان پێویستە دادگا ڕۆڵی بێلایەنی بگێرێت، دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان بەپێی یاسای ئەنجوومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان ژمارە(٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ی ماددەی ٥ دا هاتووە(دادگاکان دەسەڵاتیان بەسەر هەموو کەسێکی سروشتی و مەعنەویدا هەیە تا دەگاتە حکومەت و بەتایبەت لە یەکلاییکردنەوەی هەموو کێشە و تاوانەکاندا)، بەڵام لەهەرێمی کوردستاندا دەسەڵاتی دادوەری لە ئاست سەروەری یاسادا نییە، چونکە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن گرینگی نادات بەو بڕیار و فەرمانانەی کە لەلایەن دادوەر ودادگاکانەوە دەردەچێت، بەتایبەتیش لەو دۆسیانەی کە بوارێکی تاوانکاریان هەیە، بۆ نموونە وەك داڵدەدانی تاوانباران و ڕێگریکردن لە ڕێکاری خێرای یاسایی بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکان و یان گوێ نەدان بە ئازادکردنی تاوانباران کە بڕیاری لێخۆشبوونیان بۆ دەرچووە و زۆرکات دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ فشار دەخاتە سەر دەسەڵاتی دادوەری و سەروەری یاسا بنپێ ئەکات و هەر لەناو دەسەڵاتی دادوەریدا مۆرکێکی حزبگەرایی زاڵە و دادوەرەکان بەپێوەری حزبی دادەنرێن.[2]

ئاشکرایە سەروەری یاسا بەواتا ئەوە دێت یەک دەسەڵاتی گشتی دامەزراوەیی حکومەت و دەوڵەت بەسەر کۆی تەواوی خاکەکەدا هەبێت، ، وهەروەها لەڕووی ئابوری و سیاسی و سەربازی و ئاسایشەوە دەبێت هەموو دامەزراوە و خاڵی سنوری و ناوخۆ گوێڕایەڵی یەک فەرمان و یەک ڕێسا بن، نەک بە پێچەوانەوە لەناوچەیەک هیچ نیشانەیەکی حکومەت بوونی نەبێت و کار بەبڕیار و یاسایەک بکرێت و لەناوچەیەکی دیکەشدا بەجۆرێکی تر بێت و کار بە بڕیار و یاسایەکی دیکەی جیاواز بکرێت. هەرێمی کوردستان زۆر لاوازە لەبوونی نیشانەکانی سەروەری خاک و دامەزراوەکانی حکومەت، واقیعی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکە کە دابەشبووە بەسەر حزب و دەستە و تاقم و هەریەکە داهات و ئاسایشی ناوچە و سنوری خۆی دەپارێزێت، سەرئەنجام وایکردووە متمانەی سیاسی هاوڵاتی بەحکومەت و دامەزراوەکانی لاواز بێت، وەک ئەوەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان دەگوزەرێت کە بەکارهێنانی وشەی زۆنی زەرد و زۆنی سەوز دەرخەری ئەو ڕاستییەن، تا ئەو ڕادەیەی وایلێهاتووە هاوڵاتیان بڵێن دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی نەوەك دەسەڵاتی حکومەت.[3]

---

1- ئاودێر جەمیل مستەفا، دۆخی سەروەری یاسا لەهەرێمی کوردستان، ژووری توێژینەوەکان (سیاسی وئابووری ستراتیجیەکان)،٢٠٢١،ل١٥.

2- ئاودێر جەمیل مستەفا، دۆخی سەروەری یاسا لەهەرێمی کوردستان ،هەمان سەرچاوە،ل١٨-٢٠.

3-شاهۆ عەبدوڵڵا، متمانەی سیاسی و هۆکاری لە دەستدانی،ماڵپەری مەودا پرێس، ڕۆژی بڵاوکردنەوە٢٠٢٠/٧/٢، ڕۆژی سەردانی کردن ٢٠٢٥/١/٢٠:

https://mewdamedia.com/articles/6957

دەسەڵاتی دادوەری خۆی دەبینێتەوە لە بەسیاسی کردنی سیستەمی دادوەری و بەکارهێنانی بۆ مەرامی سیاسی و حزبییەکان، وهەروەها زۆرجار کێشەی یاسایی لەنێوان هاوڵاتیان دا ڕوودەدات بەڵام کێشەکە لەدەرەوەی دەسەڵاتی دادگاکان چارەسەر دەکرێت، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەستێوەردانی ئەم پارتە سیاسییانە کە ڕۆڵی نەرێنی لەم بوارەدا دەگێڕن.[1]

ڕاپۆرتی ڕێکخراوی کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد ئاماژەی بەو سەرپێچییانە داوە کە پێشێلی سەروەری یاسا دەکەن لە هەرێمی کوردستاندا، دادگاییکردنی دەستگیرکراوان لەلایەن ئاسایش و پۆلیسی هەرێم کە دۆسیە و پەڕاوی لێکۆلینەوەکانیان بەپێی بەرژەوەندی پارتە سیاسییەکان دەگۆڕن، و لاوازی دادگاکان لەسەر ئەو پرسانەی کە پەیوەستن بەو دوو هێزە سیاسییەی کە لە هەرێمی کوردستاندا باڵا دەستن و دەستێوەردانی حزب لە کاروباری دادگاکان وهەڕەشەکردن لە دادوەران، کە هەموو ئەمانەش هۆکاری لاوازبوونی سەروەری یاسان ،لایەکیترەوە کەسە دەسەڵاتدارەکانی ناو حزبە سیاسییەکان دەستیان بەسەر چەندین ڕووبەر و زەوی و باڵاخانەی حکومیدا گرتووە، کە ئەمەش پێچەوانەی ئەو بەندە یاساییانەیە کە پەیوەستن بە پاراستنی ماڵ وموڵکی گشتی، هەروەک لە بڕگەی (٣)ی بەندی (٩) پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان دا هاتووە لە ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٩٢ کە هەموارکراوە ( کردنەوەی بارەگای حزبەکان لە دامەزراوە فەرمی و حکومییەکاندا قەدەغەیە)، و جگە لەمەش چەندین فەرمانی دادوەری دەرچووە کەچی دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس لەژێر فشاری حزب پابەندی جێبەجێکردنی ئەم فەرمانانە نەبوونە کە لەسەر بەرپرسە حکومی و حزبیەکان و کەسانی نزیک لە حزبەکان دەرچوون و تەنانەت بگرە زۆرجار ئەو تاوانبارانە لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە پەنادەدرێن.[2]

و سەبارەت بە بەکارهێنانی هێز لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان لەکاتی ئەنجامدانی خۆپیشاندانەکان کە زۆرجار تێیدا پێشلی یاسا دەکرێت، بۆ نموونە تەنیا لە مانگی 1ـی ساڵی 2025 دا، 48 گردبوونەوە و خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراون کە دوان لەم گردبوونەوە و خۆپیشاندانانە بەهێز بڵاوەی پێکراوە و 15 کەسیش دەستگیرکراون، بەم شێوەیەی خوارەوە[3]:

١- لە تەواوی خۆپیشاندانەکان 15 کەس دەستگیرکراون.

٢- یەك جار گازی فرمێسکڕێژ بەکار هێنراوە و دوو جاریش بە زەبری هێز بڵاوەیان بە خۆپیشاندەران کردووە.

٣- ئەنجامدانی خۆپیشاندان لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، بەمشێوەیە بووە:

(سلێمانی: 19، هەولێر: 12، ئیدارەی گەرمیان: 7، ئیدارەی ڕاپەڕین: 5، هەڵەبجە:4، دهۆك:1)

٤- دەزگاکانی میدیا لە زۆربەی جاردا کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیان بۆ ڕێکخستوون.

تۆڕەکە جۆری ناڕەزایەتییەکانی بەم شێوەیە دابەشکردووە، 38 دانەیان گردبوونەوە بووە و 5 خۆپیشاندان و داخستنی شەقام و 3 هەڵدانی خێمە و دوو بایکۆت تۆمارکراون.

هەروەک ئەوەش خراوەتەڕوو کە 12 خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی بۆ موچە و شایستە داراییەکانی فەرمانبەران و مامۆستایان بوون و 11 دانەیان بۆ خزمەتگوزاری و چوار دانەیان بۆ دامەزراندن و چەندانەی دیکەشیان بۆ هاتوچۆ و ڕێگاو بان و بۆ مافی ڕۆژنامەنوسان بووە.

---

1- مەریوان وریا قانع، شوناس و ئاڵۆزی، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٢، ل.٤٥٣.

1- د.ئەمین فەرەج شەریف، حوکمڕانێتی باش لەهەرێمی کوردستان: توێژینەوەیەک لەپایە و ئاستەنگەکانی (١٩٩٢-٢٠١٣) ، هەمان سەرچاوە ،ل٢٣٢-٢٣٥.

3- هەرێمی کوردستان لە مانگی رابردوودا 48 گردبوونەوە و خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی بەخۆیەوە بینیوە، ماڵپەری میترۆ، ڕۆژی بڵاوکردنەوە ٢٠٢٥/٢/٣، ڕۆژی سەردانی کردن٢٠٢٥/٢/٣:

https://www.metroo.org/dreja.aspx?=hewal&jmare=42237&Jor=1

## تەوەرەی سێیەم

## باڵادەستی حزب بەسەر حکومەت

حکـومەتی هەرێمـی کوردســتان لە ســاڵی 1992 لەلایەن ئەنجــوومەنی نیشــتیمانی کوردســتانەوە دامەزراوە، پەرلەمــانی کوردســتان وەک یەکەم دامەزراوە بنیــادنرا، ئەمەش لە دوای درووســتبوونی نــاوچەی دژەفــڕین بــۆ پاراســتنی هەرێمــی کوردستان لە هێرشەکانی ڕژێمی پێشووی بەعسی عێراق لە ساڵی 1991.[1]

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن دوو هێزی سەرەکی بەڕێوەچووە کە تا ئێستاش بەردەوامە ئەوانیش بریتین لە ( پارتی دیموکراتی کوردستان) و (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)کە ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر ڕەوایەتی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان دروستکردووە و نەتـوانراوە بونیـادی دامەزراوەی بەهێـز بکرێـت، لێـرەدا حکـومەت بەحـزبی کـراوە هەربـۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان گیرۆدەی زاڵبوون و باڵادەستی ئەو هێزە سیاسییانە بووە.[2]

لەناو دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا زیاتر هزری حزبی و شۆڕش و ڕزگاریخوازی زاڵ بووە، سەرنجام ئەمە وایکردووە تێگەیشتنیان بۆ دامەزراوەی یاسادانان جیاواز بێت، ئەوەی پێویستە لەم پرسـەدا بـاس بکرێـت ئەوەیە کە لە هەرێمی کوردستاندا کادیری حزبەکان لە شوێنی کەسی یەکەمی حزبەکان دەچنە پەرلەمان، ئەمەش هۆکارێکە بۆ لاوازکردنی ئەدای دامەزراوەی پەرلەمان و پەراوێزخستنی پرۆسەی بەدامەزراوەییکردن لەم دامەزراوەیەدا.[3]

ئاشـکرایە پێـوەر بـۆ ئەوانەی کانیـد ئەکـرێن بـۆ هەڵبـژاردنی پەرلەمـانی کوردسـتان ئەوەیە کە دەبێـت کەسـانی چـاڵاك و کاریگەربن لەسەر فەرهەنگ و کلتـووری کـۆمەڵگە و قورسـاییان هەبێـت، بەڵام وەك ئەوەی لێـرەدا دەردەکەوێـت حـزبە سیاسییەکان بۆ دیاریکردنی کاندیدەکانی خۆیان پشت بەبنەمای عەشیرەت و پـێگەی کـۆمەڵایەتی و ئـایینی دەبەسـتن، واتە کەسە دیارەکانی ناو کۆمەڵگە، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە پشت بە بنەمای لێهاتوویی و پسپۆری تاکەکان نابەستن، هەر ئەمەش هۆکار بووە بۆ لاوازکردنی پرۆسەی دامەزراوەیی لە حکومەتەدا.[4]

وەهەروەها پێگە و هەژمونی حزب لەسەر حکومەت کاریگەری هەبـووە لەسـەر پرۆسـەی بەدامەزراوەییکـردنی دەسـەڵاتی جێبەجێ کردن کە نەتوانراوە ڕۆڵ بۆ دامەزراوەکان بگـوازرێتەوە، سـەرەڕای یەکگرتنـی هەردوو ئیـدارەکە لەسـاڵی ٢٠٠٦ دا، بەڵام هەروەك ئاشکرایە سیمای دوو حزبی و دوو ئیدارەی لەناو حکومەتدا زاڵ و باڵادەسترە و پرۆسەی بەدامەزراوەیـی کردن لەگەڵ بەرژەوەندی تاکەسی حزبەکان یەک ناگرێتەوە، هەربۆیە زاڵبوونی سیمای بەحزبی کردنی حکومەت کـاریگەری لەسەر دامەزراوەکان هەبووە.[5]

زاڵبوونی هەژموونی حزبی بووەتە هـۆی لاواز کـردنی پـێگەی حکـومەت و شکسـتهێنانی دامەزراوەکـان لە جێبەجێکـردنی سیاسەت و بەرنامەکانی، سەرئەنجام ئەمەش وایکردووە حکومەتی هەرێم نەتوانێت ببێـتە نـوێنەری ڕاسـتەقینەی هەمـوو

١- چنار سەعد عەبدوڵڵ، کاریگەری باری سیاسی گەشەکردنی هۆشیاری نەتەوەیی کورد دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥، ل.١٧٤.

2- شێروان هاشم عادل، ڕیفراندۆم و مافی چارەی خۆنووسـین – هەرێمی کوردسـتان – عێـراق – ٢٠١٧، نـامەی ماسـتەر ، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر ٢٠٢١، ل ل. ١٤٧-١٤٨.

3-یاسین سالح، حزب وبەربەستەکانی بونیادنانی دەسەڵاتی دامەزراوەیی لەهەرێمی کوردستان، هەمان سەرچاوە،ل٨٨.

4-ساڵح عومەر عیسا، کاریگەری دیالێکتی سوننەت ومـۆدێرنیتە لەسـەر بـارودۆخی سیاسی هەرێمـی کوردسـتان، گۆڤـاری توێژەر ، ژمارە١، بەرگی٣، ٢٠٢٠،ل٢٩٦.

5- ئومێد عبدالقادر عبدالكريم، شیکردنەوەی سروشتی دەسـەڵاتی سیاسی لە ڕوانـگەی تیـۆری دامەزراوەیی:دەسـەڵاتە گشتیەکانی هەرێمی کوردستان وەک نموونە، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەڵاحەدین،هەولێر،٢٠٢٣، ل٢٤٣.

هاوڵاتیـان بەبـێ جیـاوازی، کە ئەمەش دەبێـتە بەربەسـت و ڕێگـری لە پەیڕەوکـردنی پرۆسـەی بەدامەزراوەیـی کردنـی دەسەڵاتەکان دەکات.[1]

بەئاشـکرا دەبینـین لە دوای ئەنجامـدانی هەڵبژاردنەکـان بەهەمـوو خولەکـانەوە کاتێـک کابینەکـانی حکـومەتی هەرێمـی کوردستان درووست دەبێت زیاتر مۆرکێکی حزبی پێوە دیارە، هەر لەکابینەی یەکەم تا دەگاتە کـابینەی ئێسـتا، بـۆ نمـوونە دەبینین کاتێک پۆستەکانی حکومەت دابەش دەکرێت زۆرترین پۆستە هەستیارەکان لە نێوان دوو حـزبی سـیاسی دەبێـت ( پارتی ویەکێتی) دیارترین پۆستە هەستیار و گرینگەکانیش کە بریتین لە (سەرۆکی هەرێـم و سـەرۆکی حکـومەت بـۆ پـارتی بووە) و لە بەرامبەردا جێگرانی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت بۆ یەکێتی بـووەکە ئەمەش وای کـردووە هەژمـوونی ئەم دوو حزبە لەناو حکومەت دا زیاتر و بەرزتربێت و زۆرتر بەرژەوەندی حزبی لەبەرچاوگیراوە نەوەك بەرژەوەندی گشتی و پرۆسەی بەدامەزراوەییکردنی ئەم دامەزراوانە[2].

## باسی سێیەم

## ڕۆڵی فاکتەرە دەرەکییەکان

بەهـۆی گرینگـی پـێگەی هەرێمـی کوردسـتان لە نـاوچەکە لەڕووی جیۆسـتراتیژییەوە ئەمە لەلایەک و کـاریگەری فـاکتەرە دەرەکییەکان لەسەر پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستان بەگشتی و بەدامەزراوەییکردنی دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم بەتایبەتی ئەمە لەلایەکی ترەوە، لێرەدا فاکتەرە دەرەکییەکان لەسەر ئاستی هەرێمی و لەسـەر ئاسـتی نێـودەوڵەتی بوونیـان هەیە [3] ، هەربۆیە لەم باسـەدا تـاوتوێی ڕۆڵـی فـاکتەرە دەرەکییەکـان دەکەیـن کە کاریگەرییـان هەیە لەسـەر پرۆسـەی بە دامەزراوەیی کردنی دامەزراوەکان هەیە لەهەرێمی کوردستان، دابەشبوونە بۆ سێ تەوەر بەمشێوەیە:

### تەوەرەی یەکەم

### کاریگەری حکومەتی فیدراڵ لەسەر هەوڵەکانی بنیادنانی دامەزراوەکان لە هەرێمی کوردستان

دەبینین لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە ڕۆڵی بەغدا لە هاوکێشە سیاسییەکانی هەرێمـی کوردسـتان زیـادی کـردووە، دەسـەڵاتی دامەزراوەکانی هەرێم و ڕۆڵ و پێگەیانی لاواز و بێهێزتـر بـووە، ئەم هەژمـوونەی بەغـداش سـەرەتا بە پێـدانی کۆمەڵێـک بەڵێن و بەرژەوەندی بە خەڵکی هەرێمی کوردستان دەستی پێکرد، دواتر پڕوپاگەندەکردنی ژیانێکی خۆشتر بۆ هاووڵاتیـانی هەرێمی کوردسـتان کە ئەگەر بێتـوو سـەرجەم دەسـەڵاتە دارایـی و سیاسـییەکان بکەوێـتەوە ژێـر دەسـەڵاتی حکـوومەتی ناوەندی، ڕوونتر بڵێین پاش ئەو گرفتە دارایی و سیاسییانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرتەوە، زۆر بەتایبەتتر لەدوای ساڵی ٢٠١٤وە حکومەتی هەرێم نەیتوانی مووچەی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بەشـێوەیەکی ئاسـایی بـدات، هەربـۆیە ڕەفتارە بەردەوامەکانی حکومەتی هەرێم بەرامبەر هاوڵاتیانی کوردستان بەنەدانی مووچە لەکاتی خۆیدا ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ حکومەتی ناوەند کە بڵێت حکومڕانی لە هەرێمی کوردستان لە ئاستی خزمەتی هاووڵاتیانی هەرێم نیـیە، بەڵام دەبینـین پاش و ئەو هەموو کێشە و ململانێیانە ئەوەی بەسوودی حکوومەتی ناوەندی شکایەوە بریتی بوون لە[4]:

---

1- دلشاد سیامەند شـیراوەی و محمـد حسـین محمـد شـوانی، ڕۆڵـی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان و یەکێتـی نیشـتیمانی کوردستان لە بونیاتنانی پەرلەمان و حکومەت لە نێوان ساڵانی (١٩٩١-٢٠٠٦)دا، گۆڤاری زانکـۆی ڕاپەریـن، زانکـۆی ڕاپەڕیـن، ڕاپەڕین، ژمارە ٢ ،ساڵی ،٢٠٢١،ل٣٩١.

57-فەرهاد حەسەن عەبدوڵاڵ، لەمپەرەکانی بەردەم بە نیشتیمانیکردنی پۆسـتی سـەرۆکایەتی هەرێـم، گۆڤـاری جۆرنـاڵ، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە و قەیرانەکان ، ژمارە ٣٩، سلێمانی، ٢٠١٩، ل ١٥.

- 3- باسیل نیکتین، الکورد، ت: صلاح البرواری، منشورات مجلة اسو،١٩٩٣ ،ص ، ١٤.

4-شاڵاو عەبدولخالق، هێزە سیاسییەکان چۆن نیشتمان تێک دەشکێنن، مـاڵپەری پێنـووس، ڕۆژی بڵاوکـردنەوە ٢٠١٨/١/٢٢، ڕۆژی سەردانی کردن ٢٠٢٥/١/٢٠:

١- یەکلایی نەبوونەوەی سوودی وزە لە نێوان ئەمریکا و بریتانیا و ڕووسیا و فەڕەنسا و ئەڵمانیا و چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و عێراق بەتایبەتی.

٢- ناکۆکی و دابەشبوونی هێزە نێودەوڵەتییەکان لەسەر دابەشبوونی یەکپارچەیی عێراق.

٣- هاوکاری پشتیوانی وڵاتانی هەرێمی بەتایبەتی ئێران بۆ پشگیریکردن لە یەکپارچەیی خاک و حکوومەتی عێراق.

٤- فرۆشتنی بڕی 3 ملیۆن و 800 هەزار بەرمیل نەوتی خاو ڕۆژانە لە بازاڕەکانی جیهانی نەوتدا بەبێ کێشە، وبانکە نێودەوڵەتییەکان لەبەر بەرژەوەندی و قازانجی درێژخایەنی خۆیان کە ئەگەر پێویست بوو ئامادەن هاوکاری دارایی و لۆجیستی بدەنە حکوومەتی عێراق، ئەمە جگە لە پێدانی مووچە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەبەردەوامی بۆ فەرمانبەرەکانی دەوڵەت لە باشوور و ناوەڕاستی عێراقدا.، بەڵام ئەو هاوکاریان و شایستە داراییەکانی فەرمانبەران نادرێتە هەرێمی کوردستان، یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پڕۆسەی دامەزراوەییکردن و ڕێکنەخستنەوەی هێزە چەکدارەکانی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی دامەزراوەیی و لاوازی لە بەڕێوەبردن و دابەشکردنی سەروەت و سامان لە هەرێمی کوردستاندا وهەروەها لاوازی پەرلەمانی کوردستان.

لەلایەکیترەوە حکوومەتی ناوەند لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧دا، بە هێزی سەربازییەوە ، توانی هەژموونی خۆی بارامبەرهەرێمی کوردستان زیاد بکات، ئەوەتا بە ناوی "یەکپارچەیی خاکی عێراق" یانیش هەبوونی قەیران و دووبەرەکی ناوخۆییەوە دەستێوەردان لە ناو هەرێمی کوردستان دەکات. دەسەڵاتدارانی عێراق تا ئەو جێگەیەی بۆیان بکرێت لەژێر ناوی "عێراقییەکان" و "یەکپارچەیی خاکی عێراق" پلانەکانیان بۆ لاوازترکردن و بنکۆڵکردنی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بەگەڕدەخەن، گومانی تێدا نییە کە ئەو دووبەرەکی و پەرتەوازەییەی لە هەرێمی کوردستان هەیە گەورەترین زیانی لە دامەزراوەکان داوە و باشترین دەرفەتیشی بۆ بەغدا ڕەخساندووە کە هەموو پیلانەکانیان دژ بە هەرێمی کوردستان بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە".[1]

ئەوەی گرینگە لێرەدا باسبکرێ ئەوەیە پابەند نەبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو ڕێککەوتنانەی کە لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا واژۆی کردوون پاسا و هۆکارێکە بۆ حکومەتی عێراق کە بە هاوکاری و پشتیوانی ئێران لە دژی هەرێمی کوردستان جووڵە بکات، ئامانج لەمەشدا لێدانە لە ڕەوایەتی دامەزراوەکان و دەسەڵات و حوکمڕانی هەرێمی کوردستان، حکومەتی فیدراڵی بەزۆر ڕێگا و جۆری دیکە فشار دەخاتە سەر هەرێمی کوردساتان بۆ نموونە وەك نەناردنی بوودجە و شایستە داراییەکان بۆ هەرێم، سەرەنجام ئەمە بووە هۆکارێک بۆ گوزارشتکردن لە ناڕەزایەتی جەماوەری، لێرەدا مەبەستی حکومەتی فیدراڵی ئەوەیە دەیەوێت ئەو جیاوازییە کەم بکاتەوە کە لەنێوان عێراق و هەرێمدا هەیە، جیاوازییەکانیش لەڕووی ژێرخان و خزمەتگوزاری و گەشەی کەرتی وەبەرهێنان ڕێگەوبان و کەرتی نیشتەجێبوون و گەشتیاریین، کە هەرێمی کوردستان لەم لایەنانەوە چەندان جار باشترە لە عێراق.، وهەروەها ئەگەر بێتوو سەیری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و فەیسبووک و پلاتفۆڕمە دیجیتاڵییەکان بکەین هەست بەوە دەکەین کە هەوڵێک دژی پرسی کورد و هەرێمی کوردستان و سەرکردە کوردەکان هەیە" .[2]

---

38-56-18-02-09-2018-1158/item/28-12-19-02-04-2018https://www.penus.krd/archive/index.php/ckb/

1-ئازاد وەدلەبەگی، بەغدا وەک دەرفەت یان هەڕەشە، ماڵپەری ڕووداو، ڕۆژی بڵاوکردنەوە٢٠١٩/٥/١٠، ڕۆژی سەردانی کردن ٢٠٢٥/٢/٣:

https://www.rudaw.net/sorani/opinion/10052019

2-زوبێر ڕەسول، گەمارۆدانی هەرێمی کوردستان لە سێ ئاستدا، ماڵپەری پێنووس، ڕۆژی بڵاوکردنەوە٢٠٢٣/٢/١٠، ڕۆژی سەردانی کردن٢٠٢٥/١/٢٠:https://www.penus.krd/archive/index.php/ckb/-2064/item/28-12-19-02-04-2018
50-59-10-10-02-2023

## تەوەرەی دووەم

## کاریگەری وڵاتانی هەرێمی لەسەر هەوڵەکانی بنیادنانی دامەزراوەکان لە هەرێمی کوردستان

ئێران لە پاش ساڵی 2003وە سەرباری درککردن بە مەترسی و هەڕەشە و بەرزبوونەوەی هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران، ڕووبەڕووی زۆریک لە دەرفەت بووەوە کە گرنگترینیان نەمانی سەرسەختترین دژبەری ناوچەیی ئێران ئەویش (ڕژێمی سەدام) ، ئەمەش دەستپێکێک بوو بۆ ئێران کە لەڕێگەی فاکتەری مەزهەبی_ناسنامەی شیعی هەژموونداری بەسەر ناوچەکەدا بکات، خاڵێکی تریش هەیە کە پاڵپشتیکردنی ئێران بۆ عێراق ئاستەنگ و بەربەست دەخاتە بەردەم بەهێزبوون و درووستبوونی پێگەی دامەزراوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەعێراق، چونکە پێشکەوتنی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان دەبێتەهۆی بەهێزبوونی پێگەکەی لە ناوچەکە .[1]

گەورەترین هەڕەشە بۆ سەر هەرێمی کوردستان لەلایەن وڵاتی ئێرانەوە دەبێت ئەمەش بە پاساوی بوونی هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەناو خاکی هەرێم.، وگوشارە بەردەوامەکانی ئێران لەسەر حکوومەتی سوودانی و هەرێمی کوردستانیش زیاتر دەبن بۆ دەرکردنی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەرێم. دوور نییە ئەمە پلانێکی ئێرانیش بێت بۆ گەڕاندنەوەی هێزەکانی عێراق بۆ سەر سنوورەکانی نێوان عێراق و ئێران، کە دواجار دەچێتە خزمەت بەرتەسککردنەوەی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بەسەر خاکی هەرێمی کوردستاندا، لە ڕاستیدا خەباتی چەکداری لە بەشەکانی تری کوردستاندا لەمەودوا دەبێتە بارگرانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان، چونکە زۆربەی ئەو بزووتنەوە چەکدارییانە لەناو سنووری ئێران نین، بەڵکوو دێنە سنووری هەرێمی کوردستان.[2]

ولەلایەکی ترەوە لەهزر و عەقڵییەتی تورکدا مافی کورد و بنیاتنانی دەوڵەتی کوردستان قبووڵکراو نییە، چونکە ئەوان وای بۆ دەچن کە لەکاتی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی باشووری کوردستان، چیتر کوردەکان دەستەمۆی تورکیا نابن و پەیڕەوی لە سیاسەتێکی سەربەخۆی خۆیان دەکەن، نابنە پاشکۆی وڵاتێکی وەك تورکیا لە ڕووی ستراتیژییەوە، تورکیا پێی وایە دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان زیانی بۆ تورکیا دەبێت و، دەسەڵاتی ئەو وڵاتە لە گەمەی سیاسیی ناوچەکە و جیهان سنووردار دەکات. لە هەمان کاتدا دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، دەبێتە چەتری کۆکەرەوەی کوردان لە هەر چوار پارچە، کە ئەمەش بە زیانی تورکیا دەشکێتەوە، بەو پێیەی زۆرترین ڕێژەی گەلی کورد لە وڵاتی تورکیایە، بۆیە هەمیشە هەوڵی لاوازکردنی پێگە ودامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان دەدرێت بۆئەوەی نەبێتە بەهێز نەبێت .[3]

تورکیا بە پاساوی بوونی پارتی کرێکاران لە هەرێمی کوردستان هەڕەشە دەکات بەوەی کەوا هێرش دەکاتە سەر چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان لەناو خاکی هەرێم ، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەم هێزە چەکدارانەی پارتی کرێکاران لە سنوورەکانی تورکیا بوونیان نییە، بەڵکو دێنە سنووری هەرێمی کوردستان، بەمەش بەرژەوەندی و ئایندەی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان دەخاتە مەترسییەوە و دەبێتەهۆی لاوازکردنی پرس و بابەتی بەدامەزراوەییکردنی دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم، لەبەر ئەوەی سەرقاڵبوونی هەرێمی کوردستان بەکێشە سنوورییەکان هۆکارێکە بۆ فەرامۆشکردنی پرسی بە دامەزراوەییکردنی دامودەزگاکانی حکومەت.[4]

---

62-صالح ملا عمر عیسا، قەیران خوڵقێنی زڵهێزەکان لە کوردستانی عێراق، ت:سلێمان تاشان، مەکتەبی ناوەندی دیراسات وپێگەیاندنی حزبی، هەولێر، ٢٠٠٨ ، ل.٢١٩.

2- د جووتیار عادل، کارلێککردنە هەرێمیەکان وکاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان، ڕاپۆرتی ستراتیژی هەرێمی کوردستان- عێراق ٢٠١٠ ، سەنتەری ڕەنج، هەولێر، ٢٠١٠ ،ل.٩١

64-الأكراد وتركيا: تاريخ من صراع الهوية والسيادة، موقع الحرة، تاريخ النشر8/اكتوبر/2019، تاريخ الزيارة2025/2/3:
https://www.alhurra.com/turkey//08/10/2019

4-زریان ڕۆژهەڵاتی، ڕەهەندە ئالۆزەکانی پێکدادانی تورکیا وپەکەکە لەهەرێمی کوردستان، Rudaw Research Center، بەرواری ٢٠٢٤/٧/١٨، ل.ل٤-٥.

## تەوەرەی سێیەم

## کاریگەری وڵاتانی هاوپەیمان لەسەر هەوڵەکانی بنیادنانی دامەزراوەکان لە هەرێمی کوردستان

گەشەپێدان و بەدامەزراوەییکردنی دامەزراوەکان و حکومڕانێتی باش یەکێکە لەو فاکتەرە گرینگانەی کە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی گرینگی پێدەدات، هەرێمی کوردستانیش یەکێکە لەو ناوچانەی جێی بایەخی ئەمریکایە بۆ پرسی دامەزراوەسازی، بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و هەرێمی کوردستان لەڕێگەی باشترکردنی حکومڕانی باش و شەفافیەت و لێپرسینەوە هۆکار و فاکتەری گرینگن بۆ بەردەوامبوون و بەهێزکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان، وهەورەها بوونی بەردەوامی هەماهەنگی ئەمنی لەنێوان هەرێمی کوردستان و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بواری ئەمنی و سەربازی دا، دەبێتە بنەمایەک بۆ مانەوەی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ستراتیژییەتی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، هەربۆیە کارکردن بۆ یەکگرتنەوەی هێزە ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان و لەنێویشیاندا (هێزی پێشمەرگە)، هۆکارێکە بۆ پاراستنی ئەو هەماهەنگییەی کە لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی هەیە، وهەروەها دەبێتە گەرەنتی بۆ بەردەوامبوونی هاوکاری و پشتگیرییەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ هەرێمی کوردستان بەتایبەتیش لەرووی ئەمنی و سەربازییەوە، بەڵام نەمانی شەراکەتی هاوبەش و بەدامەزراوەیی نەکردنی دام ودەزگاکان و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و دابەشبوونی ناوخۆیی بەپێچەوانەوە هەڕەشە بۆ سەر ئەو هاوکارییانە دروست دەکات کە ئەمەریکا بۆ هەرێمی کوردستانی دەنێرێت، و وادەکات کە ئەمریکا پێداچوونەوە و دووبارە هەڵسەنگاندن بۆ پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات.[1]

لەلایەکیترەوە دەبینین کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵی زۆر دەدەن بۆ ئەوەی ئەدای دامەزراوەکان بەهێزتر بکەن و تەنانەت چەندین ڕێککەوتنی ستراتیژی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەبواری ئەنجامدانی چاکسازی دامەزراوەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان واژۆ کراون، کە بەشێوەیەکی گشتی ئامانج لێیان یەکخستنەوەی دامەزراوەی سەربازییەکانن لەنێویشیاندا (هێزی پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس)، کە ئەم هێزانە لەنێوان دوو حزبی سیاسی کۆنترۆڵ کراون و دابەشکراون و بۆ ویست و مەرامی خۆیان بەکاریان دەهێنن، وەك دەردەکەوێت لایەنە نێودەوڵەتییەکان بەمەبەستی بە دامەزراوەییکردنی دام و دەزگاکان هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ پابەندکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی چاکسازی لەگشت سێکتەر و دامەزراوەکاندا[2].

وهەروەها هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بەسەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەموو هاوکارییەک پێشکەش دەکات بۆ ئەوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەلایەن هەردوو حزبەکەوە کۆنترۆڵ نەکرێت و تەنانەت جەخت دەکەنە سەر ئەوەی کە نابێت دەسەڵاتی یاسادانان(پەرلەمانی کوردستان) و دەسەڵاتی دادوەری (دادگاکان) بکەونە ژێر کاریگەری هیچ حزبێکی سیاسی، بەڵکو دەبێت ئەم دوو دەسەڵاتە سەربەخۆبن و سەروەریان هەبێت و نابێت هیچ لایەنێک دەستێوەردان لەکاروبارەکانیان بکەن، وهەروەها بەردەوام جەخت دەکەنە سەر بە دامەزراوەییکردنی داموەدزگاکانی حکومەت بەجۆرێك کە ئەم دامەزراوانە پێویستە لەژێر هەژموونی دوو حزبەکە دەربچێت و پابەندی یاسا بەرکارەکان بن، بەڵام تاوەکو ئێستا هەوڵەکان بەردەوامن و دەتوانین بڵێین درێژەیان کێشاوە و بۆتەهۆی بێزاری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە خاوخلیسکی پرۆسەی بەدامەزراوەییکردن لەنێویشیاندا بەتایبەتی پرۆسەی یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان، دەتوانین بڵێن بەدەمەوە هاتنی هێز و لایەنە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ پرۆسەی بەدامەزراوەسازی

---

1-ئانا گۆمێز، چیتر دەوڵەتی کوردستان لەدەرەوەی ئەگەرەکان نییە،گۆڤاری گوڵان،ژمارە٩٦٢،ڕێکەوتی ٢٠١٤/١/٢٧،ل٢٠.

2-سامان سورانی،أمريكا وإقليم كوردستان.. من الشراكة إلى التحالف، موقع كردستان ٢٤، تاريخ النشر١٢٠٢١/١/١٧، تاريخ الزيارة٢٠٢٥/٤/١١:

https://www.kurdistan24.net/ar/opinion/301525

ساردی پێوە دیارە، هەربۆیە زۆرجار دەبینین بۆ ئەم مەبەستە ئەمریکا فشارەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان زیاتر دەکات.[1]

وهەورەها فاکتەرێکی دیکەش هەیە کە کاریگەری لەسەر پرۆسەی بەدامەزراوەییکردن هەیە ئەویش بریتییە لە فاکتەرە نێودەوڵەتیەکانی پەیوەست بە ناردنی هاوکارییە لۆجستی و ماددییەکان لەلایەن وڵاتە نێودەوڵەتیەکانەوە بۆ هەرێمی کوردستان لەپێناو ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش، ئەوەی لێرەدا گرینگە بوترێت ئەوەیە کە بەشێکی زۆری ئەو هاوکاریانە بۆ هەرێم دەنێردرا بەشێوەی ڕاستەوخۆ نەبووە بەڵکو دەبوو لەڕێگەی عێراقەوە هاوکاریەکان بگەێنرێتە دەستی هێزەکانی پێشمەرگە، ئەمەش لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان دەوڵەت نەبوو بەڵکو بەشێکە لە وڵاتی عێراق، هەربۆیە زۆرجار حکومەتی فیدراڵی بۆ گەیاندنی ئەو هاوکاریانەی هێزەکانی پێشمەرگە ئاستەنگ و بەربەستی درووست دەکرد یان بەشێک لە چەکە پێشکەوتووەکانی نەدەنارد بۆ هەرێمی کوردستان، بێگومان ئامانجی حکومەتی عێراق لەم کارە لاوازکردنی پێگەی هەرێم بووە و هەوڵی داوە هەرێمی کوردستان نەتوانێت وەك هەرێمێکی دامەزراوەیی بوونی هەبێت.[2]

ولەلایەکی تریشەوە حکومەتی فیدراڵ پاساو و بیانووی ئەوە دێنێتەوە کە هێزی پێشمەرگە هێزێکی دامەزراوەیی نییە هەربۆیە نابێت چەکی پێشکەوتووی پێ بدرێت، چونکە هێزێکە لەدەرەوەی سوپای عێراقە و هێزێکی نیشتمانی نییە و هێزی حزبەکانە، ئەمەش وایکردووە وڵاتانی هاوپەیمانی دژی داعش نەتوانن بەشێوەیەکی ئازادانە ئەو هاوکاریان پێشکەش بە هێزی پێشمەرگە بکەن.[3]

ئەمە جگە لەوەی هەرێمی کوردستان لەڕووی وەرگرتنی قەرزی نێودەوڵەتی ڕووبەڕووی زۆر بەربەست و ئاڵنگاری گەورە دەبێتەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان دەوڵەت نییە بەڵکو هەرێمێکە لەچوارچێوەی عێراقی فیدراڵ، ساڵانە سندوقی بانکی نێودەوڵەتی قەرز دەداتە ئەو وڵاتانەی کە دەیانەوێ باری ئابووریان بەهێز بکەن یان ئەو وڵاتانەی کە ئابووریان نزیکە لە داڕمان، لێرەدا عێراق قەرز لەم بانکە نێودەوڵەتییانە وەردەگرێت بەڵام پشکی هەرێمی کوردستان نادات یانیش بەربەستی بۆ دروووست دەکات و تەنانەت بگرە ڕێگری دەکات کە ڕاستەوخۆ هەرێمی کوردستان قەرز لەم بانکە جیهانییە وەربگرێت.[4]

ئەزموونی هەرێمی کوردستان دەریخستووە کە بەشداریکردنی نێودەوڵەتی بەتایبەتی لەلایەن ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپاوە ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە پاڵپشتیکردنی چاکسازی کەرتی ئەمنی و سەروەری یاسا، ئەم ڕۆڵە بریتییە لە پێشکەشکردنی پاڵپشتی تەکنیکی و دارایی و دابینکردنی بەرنامەکانی ڕاهێنان بۆ هێزە ئەمنییەکان و پاڵپشتیکردنی دامودەزگاکانی دادوەری

---

1-فرصة أخيرة لديمقراطية كردستان، موقعDRW، تاريخ النشر٢٠٢٤/١٠/٢٣، تاريخ الزيارة٢٠٢٥/٤/١١:
https://drawmedia.net/ar/page_detail?smart-id=15797

2-مايكل ناتيس، استعمال المساعدات المالية الدولية لتحسين العلاقات بين بغداد و «حكومة إقليم كردستان»، موقع واشنطن ،تاريخ النشر١٥/مارس/٢٠١٦، تاريخ الزيارة٢٠٢٥/١/٢٠:
https://www.washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis/astmal-almsadat-almalyt-aldwlyt-lthsyn-allaqat-byn-bghdad-w-hkwmt-aqlym-krdstan

70-تسليح البيشمركة: يثير جدلا واسعا في العراق،موقع الحرة، تاريخ النشر٢٠/سبتمبر/٢٠٢٤، تاريخ الزيارة٢٠٢٥/١/٢٠:
https://www.alhurra.com/iraq/20/09/2024/%D%8AA%D%8B%3D%84%9D8%9A%D%8AD-%D%8A%7D%84%9D%8A%8D8%9A%D%8B%4

4-دلشادعبدالله، كردستان يطالب بغداد بحصته من القروض الدولية،موقع الشرق الاوسط، تاريخ النشر٢٠١٦/٥/٣٠، تاريخ الزيارة ٢٠٢٥/١/٢٠:
https://aawsat.com/home/article/653341/%D%83%9D%8B%1D%8AF%D%8B%3D%8AA%D%8A%7D86%9-%D8%9A%D%8B%7D%8A%7D9

و داواکاری گشتی و کارکردن بۆ پێشخستنی بنەماکانی حوکمڕانی باش و شەفافیەت لە بەڕێوەبردنی دامەزراوە ئاساییشییەکان، بەشێوەیەکی گشتی ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان بەشدارییان کردووە لە پەرەپێدانی ژێرخانی یاسایی و بەدامەزراوەییکردنی هەندێک لە دەزگا ئەمنییەکان و هێنانەناوەوەی چەمکەکانی مافی مرۆڤ و دادپەروەری لە سیاسەتە ناوخۆییەکان، کە ئەمەش هەنگاوێکە بەرەو بەهێزکردنی سەروەری یاسا، بەڵام کاریگەری ئەم پاڵپشتییە بەهۆی کۆمەڵێک ئاڵنگاری سنوردار و دیاریکراو بووە، دیارترین ئەم ئاڵنگارییانەش خۆی دەبینێتەوە لە ئاڵۆزی پێکهاتەی سیاسی هەرێمی کوردستان و دەستێوەردانی حزبی لە کاروباری دامودەزگا ئەمنی و دادوەرییەکان و لاوازبوونی ناوبەناوی ئیرادەی ناوخۆیی بۆ جێبەجێکردنی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان.[1]

## دەرئەنجام

لە دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەرێمی کوردستان لەدوای ساڵی 1992ەوە بارودۆخێکی ناهەمواری ناوەخۆیی بەخۆیەوە بینی، بەشێوەیەك کە هەردوو حزبی گەورە و خاوەن هەژموون پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کەوتنە ناکۆکی و ململانێ لەسەر دەسەڵات، ئەمەش بووە هۆی دابەشبوونی دامەزراوەکان و دابەشکردنیان بەپێی لۆژیکێکی حزبییانە نەوەك بەپێی لۆژیکی نەتەوەیی و نیشتیمانیانەوە، لە دواجاردا ئەم قۆناغە مێژووییە بناغەی بنیاتنانی دامەزراوەی هەمەلایەنە و سەربەخۆی لە هەرێمی کوردستان لاواز و بێهێز کرد و هەروەها بووە هۆی ئەوەی پرۆسەی یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی سەخت و ئاڵۆز بێت، لەلایەکیترەوە نەبوونی متمانە لە نێوان پارت و هێز و پێکهاتەکانی دەسەڵات و تۆخبوونەوەی ناڕەوایی لە ئەنجامی دووبارەبوونەوەی قەیرانە سیاسییەکان پرەنسیپ و بنەماکانی دیموکراسی تێکدا و دامەزراوەکانی حوکمڕانی باشی لاواز و بێهێز کرد، وەهەروەها گەندەڵی کارگێڕی و دارایی ناو دامەزراوەکان بووە ئاستەنگ و بەربەستێك لەبەردەم پرۆسەی چاکسازی و بنیاتنانی دامەزراوەی چالاك و کاریگەر، هەروەك ئاشکرایە گەندەڵی شێوەی زۆر و جۆراوجۆری هەیە بۆ نموونە وەک خزمایەتی و قۆرخکاری ئابووری و ئیستغلالکردنی پۆستە حکومییەکان بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییە کەسی و حزبییەکان، ئەمە جگە لەوەی لاوازی سەروەری یاسا فاکتەر و هۆکارێکە بۆ دروستبوونی سیستەمێکی یاسایی لاواز و بێهێز، ئەمەش وایکردووە لێپرسینەوەکردن لە کەسانی گەندەڵ سەخت و قورس بێت و هەڵاتنیان لەدەست یاسا ببێتە کەلتور و فەرهەنگێکی خراپ، لەلایەکیترەوە و سەبارەت بە لایەنە دەرەکییەکان دەبینین حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا کاریگەری خراپی لەسەررێگریکردنوپەرەپێدانی دامودەزگاکانی هەرێم هەبووە کە لەفشارە داراییەکانەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە فشارە سیاسییەکان، لە هەمان کاتدا وڵاتانی هەرێمی و بەتایبەتیش وڵاتە دراوسێکان بۆ نموونە وەک تورکیا و ئێران، کە لەڕێگەی دەستێوەردان لە کاروبارە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان بوونەتە بەربەست و ئاستەنگێکی گەورە لەبەردەم بونیادنانی دامەزراوەکان، وەهەروەها وڵاتانی هاوپەیمان بە سەرۆکایەتی ئەمریکا و ئەوروپا ڕۆڵێکی سەرەکییان بینیوە لە پاڵپشتیکردنی سیاسی و ئابووری بۆ هەرێمی کوردستان بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرکەوتوو نەبوون لە سەپاندنی چاکسازی سیاسی یان حوکمڕانییەتێکی شەفاف لە هەرێمی کوردستان وەک ئەوەی هیوای بۆ دەخوازرێت.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**سەرچاوە کوردییەکان:**

**یەکەم:کتێب:**

١-ئۆفرا بینگیۆ، کوردی عێراق بنیاتنانی دەوڵەتێك لەناو دەوڵەتدا، وەرگێڕانی سۆران مستەفا، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١٣.

٢-د.ئەمین فەرەج شەریف، حوکمڕانێتی باش لەهەرێمی کوردستان:توێژینەوەیەک لەپایە و ئاستەنگەکانی (١٩٩٢-٢٠١٣)، و: لوقمان حاجی قادر، چاپخانەی هێڤی،هەولێر،٢٠١٩.

---

1-زمناکۆ عثمان صالح، پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی هەرێمی کوردستان: لێکۆلینەوەیەک لەجوگرافیای سیاسییدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٢٣،ل.ل١٢١-١٢٨.

٣-مراد حەکیم و لەیلا ئەمیر، کۆمەڵگەی کوردستانی باشور لە نێوان یەکگرتووی و پەرتەوازەی دا، کتێبی (سیاسەت و کۆمەڵگە لە باشوری کوردستان)، ئینستیتوتی سیاسەتی گشتی، هەولێر، ٢٠٢٠.
٤-دلاوەر عبدالعزیز عەلائەدین،نیشتمانسازی وسیستەمی فەرمانڕەوایەتی خۆماڵی لەهەرێمی کوردستان،چاپخانەی ئاراس ،هەولێر،٢٠١٣.
٥-زریان ڕۆژهەڵاتی، کاریگەری پێشمەرگە لەسەر برەندسازی نەتەوەیی کوردستان، کتێبی (سوپا و دەوڵەت)، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، هەولێر، ٢٠١٧، .
٦-بڵند دلێر شاوێس، گەندەڵی وئاییندەی هەرێمی کوردستان(توێژینەوەیەکی یاسایی وسیاسی)،چاپخانەی کارۆ،سلێمانی ،٢٠٢٣.
٧-مەریوان وریا قانع، شوناس و ئاڵۆزی، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٢، .
٨-چنار سەعد عەبدوڵڵ، کاریگەری باری سیاسی گەشەکردنی هۆشیاری نەتەوەیی کورد دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥، .
٩-صالح ملا عمر عیسا، قەیران خوڵقێنی زلهێزەکان لە کوردستانی عێراق، ت:سلێمان تاشان، مەکتەبی ناوەندی دیراسات وپێگەیاندنی حزبی، هەولێر، ٢٠٠٨ .
١٠-د جووتیار عادل، کارلێککردنە هەرێمیەکان وکاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان، ڕاپۆرتی ستراتیژی هەرێمی کوردستان- عێراق ٢٠١٠ ، سەنتەری ڕەنج، هەولێر، ٢٠١٠ .

دووەم:تێزی دکتۆرا:
١-بارزان جوهر صادق، متمانە ی سیاسی بە سیستمی سیاسی هە رێمی کوردستان – عێراق، تێزی دکتۆرا،کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەڵاحەدین،هەولێر، ٢٠٢٠.
٢-ئومێد عبدالقادر عبدالکریم، شیکردنەوەی سروشتی دەسەڵاتی سیاسی لە ڕوانگەی تیۆری دامەزراوەیی:دەسەڵاتە گشتیەکانی هەرێمی کوردستان وەک نموونە، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەڵاحەدین،هەولێر،٢٠٢٣.
٣-زمناکۆ عثمان صالح، پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی هەرێمی کوردستان: لێکۆلینەوەیەک لەجوگرافیای سیاسییدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٢٣.
چوارەم:نامەی ماستەر:
١-ئەکرەم ئیسماعیل فەقێ، ئاستەنگە سیاسی ودەستووریەکانی بەدەوڵەتبوونی هەرێمی کوردستان، نامەی ماستەر،بەشی زانستە سیاسییەکان، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەڵاحەدین،هەولێر،٢٠١٤.
٢-ئاشتی مەجید پیرۆ، هەڵسەنگاندنی ئەزموونی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان – عێراق، نامەی ماستەر ، کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، ٢٠١٦.
٣-شێروان هاشم عادل، ڕیفراندۆم و مافی چارەی خۆنووسین – هەرێمی کوردستان – عێراق – ٢٠١٧، نامەی ماستەر ، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێ ،٢٠٢١ .

سێیەم:گۆڤار:
1-زوبێر رەسول، ئۆپۆزیۆنی سیاسی لەهەرێمی کوردستان دا(خوێندنەوەیەکی شیکاری بۆچەمک وسەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا لە ١٩٩١ تا ٢٠٠٩، ژمارە١٠، ٢٠١٠.
٢-د.ئومێد رفیق فتاح- د.عابد خالد رسول، پرۆسەی بە دامەزراوەییکردنی هێزەکانی پێشمەرگە :هەنگاو و ئاستەنگەکان، گۆڤاری لێکۆڵینەوە سیاسی و ئەمنییەکان – ژمارە (٢) لە بەرگی (١)، سلێمانی،٢٠١٨.
٣-صالح عمر عیسی-پەرویز رەحیم ، پرسەکانی ئاسایشی سەربازی و سیاسی هەرێمی کوردستان-عێراق لە روانگەی باری بۆزان لە دوای ٢٠١٧، گۆڤاری قەڵای زانست، بەرگی ٦، ژمارە٢، هەولێر، ٢٠٢١.

٤-دانا علی صالح- کارزان أحمد عمر،مامەڵەی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە ئالنگارییەکانی ئاسایش لە دوای ساڵی ٢٠١٤، گۆڤاری لێکۆڵینەوە سیاسی و ئەمنییەکان،ژمارە٢،بەرگی٧، هەولێر،٢٠٢٤،ل١١٨.
٥-دانا عەلی ساڵح بەرزنجی، دیوە تاریکەکەی ئەزموونی حوکومڕانی لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری خاڵ، سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فکری ، ژمارە ٣٦، سلێمانی،٢٠٢٢.
٦-٧-د.هێمن میرانی، گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی لە کوردستان،گۆڤاری شرۆڤە،ژمارە٢٩، هەولێر،٢٠١٩.
د. یاسین صالح، حیزب و بەربەستەکانی بونیادنانی دەسەڵاتی دامەزراوەیی لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری شرۆڤە، سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی، ژمارە ٣١، هەولێر، ٢٠٢٠ .
٨-دلشاد سیامەند شیراوەی و محمد حسین محمد شوانی، ڕۆڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە بونیاتنانی پەرلەمان و حکومەت لە نێوان ساڵانی (١٩٩١-٢٠٠٦)دا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە ٢ ،ساڵی ٢٠٢١.
٩-ساڵح عومەر عیسا، کاریگەری دیالێکتی سوننەت ومۆدیرنیتە لەسەر بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان، گۆڤاری توێژەر ، ژمارە١، بەرگی٣، ٢٠٢٠.
١٠-فەرهاد حەسەن عەبدوڵڵ، لەمپەرەکانی بەردەم بە نیشتیمانیکردنی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم، گۆڤاری جۆرناڵ، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە و قەیرانەکان ، ژمارە ٣٩، سلێمانی، ٢٠١٩.
١١-ئانا گۆمێز، چیتر دەوڵەتی کوردستان لەدەرەوەی ئەگەرەکان نییە،گۆڤاری گوڵان،ژمارە٩٦٢،ڕێکەوتی ٢٠١٤/١/٢٧.

**چوارەم:یاساکان:**

1-یاسای ژمارە(٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٧،یاسای نەوت وگازی هەرێمی کوردستانی عێراق.

**پێنجەم: توێژینەوە:**

١-حوکومڕانی پارتی و یەکێتی: پێکهاتەی کابینە وەزارییەکانی حکومەت لەنێوان ساڵانی (١٩٩٢-٢٠٢٣)،سەنتەری توێژینەوەی نەوەی نوێ.
٢-بەسەربازی کردنی هەرێمی کوردستان:بۆچی دەسەڵات پەنای بۆ بەسەربازیکردنی کۆمەڵگەی کوردی بردووە؟، سەنتەری توێژینەوەی نەوەی نوێ.
٣-بەحزبیکردنی دامەزراوە حوکمڕانی وکارگێریەکان لەهەرێمی کوردستان،سەنتەری توێژینەوەی نەوەی نوێ.
٤-ئاودێر جەمیل مستەفا، دۆخی سەروەری یاسا لەهەرێمی کوردستان، ژووری توێژینەوەکان (سیاسی وئابووری ستراتیجیەکان)،٢٠٢١.
٥-زریان ڕۆژهەڵاتی، رەهەندە ئالۆزەکانی پێکدادانی تورکیا وپەکەکە لەهەرێمی کوردستان، Rudaw Research Center، بەرواری ٢٠٢٤/٧/١٨.

**شەشەم:ڕۆژنامە:**

١-ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بە ژمارە(55) لە ڕێکەوتی (2005/7/10) بڵاوکراوەتەوە.

**هەشتەم:سایتی ئەلیکترۆنی:**

1-زوبێر رەسول، کێشە هەناوییەکانی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان، ماڵپەری ڕووداو، رۆژی بڵاوکردنەوە٢٠٢٠/٥/٢٠، رۆژی سەردانی کردن ٢٠٢٥/٢/٣:

https://www.rudaw.net/sorani/opinion/200520201

٢-جونا سوبحی - دڵخواز ئیسماعیل، دیاردەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان،ماڵپەری پێنووس، رۆژی بڵاوکردنەوە٢٠١٧/٨/١٠،رۆژی سەردانی کردن٢٠٢٥/١/٢٠:

https://www.penus.krd/archive/index.php/ckb/33-11-19-02-04-2018/item/38-56-18-02-09-2018-474

٣-دۆخی سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا، ماڵپەری ئینستیتوتی پەی، رۆژی بڵاوکـردنەوە٢٠٢٤/١/١٣، رۆژی سـەردانی کردن ٢٠٢٥/١/١٩:

https://payinstitute.org/13105556-01-2024/01/2024.html

٤-شاهۆ عەبدوڵلا، متمانەی سیاسی و هۆکـاری لە دەسـتدانی،ماڵپەری مەودا پـرێس، رۆژی بڵاوکـردنەوە٢٠٢٠/٧/٢، رۆژی سەردانی کردن ٢٠٢٥/١/٢٠:

https://mewdamedia.com/articles/6957

٥-هەرێمی کوردستان لە مانگی رابردوودا 48 گردبوونەوە و خۆپیشاندان و نارەزایەتی بەخۆیەوە بینیوە، ماڵپەری میترۆ، رۆ ژی بڵاوکردنەوە ٢٠٢٥/٢/٣، رۆژی سەردانی کردن٢٠٢٥/٢/٣:

https://www.metroo.org/dreja.aspx?=hewal&jmare=42237&Jor=1

٦-شاڵاو عەبدولخالق، هێزە سیاسییەکان چۆن نیشتمان تێـک دەشـکێنن، مـاڵپەری پێنـووس،رۆژی بڵاوکـردنەوە ٢٠١٨/١/٢٢، رۆژی سەردانی کردن ٢٠٢٥/١/٢٠:

https://www.penus.krd/archive/index.php/ckb/28-12-19-02-04-2018/item/38-56-18-02-09-2018-1158

٧-ئازاد وەدلەبەگی، بەغدا وەک دەرفەت یان هەڕەشە، ماڵپەری ڕووداو، رۆژی بڵاوکردنەوە٢٠١٩/٥/١٠، رۆژی سەردانی کردن ٢٠٢٥/٢/٣:

https://www.rudaw.net/sorani/opinion/10052019

٨-زوبێر رەسول، گەمارۆدانی هەرێمی کوردسـتان لە سـێ ئاسـتدا، مـاڵپەری پێنـووس، رۆژی بڵاوکـردنەوە٢٠٢٣/٢/١٠، رۆژی سەردانی کردن٢٠٢٥/١/٢٠:

https://www.penus.krd/archive/index.php/ckb/28-12-19-02-04-2018/item/50-59-10-10-02-2023-2064

-المصادر العربية:

أولا: الكتب

١-حمدي عبد العظيم ، عولمة الفساد وفساد العولمة ، الدار الجامعية ، الاسكندرية ، ط١ ، ٢٠٠٨.

٢-سام سليمان دله، إبراهيم على الهندي، "الفساد الاداري وأثره على الجهاز الحكومي"، المؤتمر العربي الدولي لمكافحة الفساد، أكاديمية نايف العربية للعلوم الامنية، مركز الدراسات والبحوث، الرياض، 2003، .

٣-أحمد صقر عاشـور، "قياسودراسـة الفسـاد في الـدول العربيـة" مـؤشر الفسـاد في األقطـار العربيـة إشـكاليات القيـاس والمنهجية، المنظمة العربية لمكافحة الفساد والمؤسسة العربية للديمقراطية، بيروت، 2009، .

٤- عطا اهلل خليل، "مدخل مقترح لمكافحة الفسـاد في العـالم العـربي"، مكافحـة الفسـاد في الـوطن العـربي، المنظمـة العربية للتنمية اإلدارية، جامعة الدول العربية، القاهرة، 2009، .

٥-إبراهيم محمد درويش، القانون الدستورى، دار النهضة العربية، القاهرة، ٢٠٠٤.

٦- نعمان أحمد الخطيب: الوسيط في النظم السياسية والقانون الدستوري، دار الثقافة للنشر والتوزيع، الاردن، 2013.

٧-نحو ثقافة سيادة القانون ،دليل عملي، معهد الولايات المتحدة للسلام، 2015، .

٨- باسيل نيكتين، الكورد، ت: صلاح البرواری، منشورات مجلة اسو،١٩٩٣ .

٩-وينـثروب رودجـرز، مسـتقبل البيشـمركة فـی ظـل تحـديات وآفـاق متقبلـة فـی اقلـيم كردسـتان،مركز البيـان للدراسـات والتخطيط، بغداد، ٢٠٢٣.

ثانياً- البحوث الجامعية:

-سەردار قادر محى الدين-فەرهاد جلال مصطفى، بنية الفرصة السياسية في إقليم كوردستان العراق دراسة الإحتجاجات الشعبية خلال ٢٠٠٣ – ٢٠١٣، مجلة الدراسات السياسية والامنية، المجلد الرابع،العدد الثامن،٢٠٢١.

٢-أمين بلعيفة- عبدالنور زوامبية، أزمة الشرعية في الأنظمة السياسية العربية وانعكاساتها على الأستقرار الأجتماعي في المنطقة، المجلة النقدية للقانون والعلوم السياسية تيزي وزو، العددا، ٢٠١٩،ص.ص٢٥٦-٢٥٧.

٣-سهى محمد مصطفى، الفساد الإداري في المنظمات الحكومية(أسبابه وأثاره و طرق مكافحته) المجلة العلمية للدراسات التجارية والبيئية، المجلد الثامن ،العدد الثالث،2017.

ثالثاً-: لدساتير والتشريعات :

المادة(١١٢) من الدستور العراق الدائم ٢٠٠٥.

رابعاً: المواقع الاليكترونية:

1- عملية فرض الأمن بكركوك.. التفاصيل والأطراف المشاركة، موقع الجزيرة نت، تاريخ النشر 2017/10/19، تاريخ الزيارة2025/2/3:

19/10/2017https://www.aljazeera.net/encyclopedia/

٢-الأكراد وتركيا: تاريخ من صراع الهوية والسيادة، موقع الحرة، تاريخ النشر8/اكتوبر/2019، تاريخ الزيارة2025/2/3:

/08/10/2019https://www.alhurra.com/turkey/

٣-سامان سوراني،أمريكا وإقليم كوردستان.. من الشراكة إلى التحالف، موقع كردستان ٢٤، تاريخ النشر ١٢٠٢١/١٧، تاريخ الزيارة٢٠٢٥/٤/١١:

301525.net/ar/opinion/24https://www.kurdistan

٤ -فرصة أخيرة لديمقراطية كردستان، موقعDRW، تاريخ النشر٢٠٢٤/١٠/٢٣، تاريخ الزيارة٢٠٢٥/٤/١١:

15797https://drawmedia.net/ar/page_detail?smart-id=

٥ -مايكل ناتيس، استعمال المساعدات المالية الدولية لتحسين العلاقات بين بغداد و «حكومة إقليم كردستان«، موقع واشنطن ،تاريخ النشر١٥/مارس/٢٠١٦، تاريخ الزيارة٢٠٢٥/١/٢٠:

https://www.washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis/astmal-almsadat-almalyt-aldwlyt-lthsyn-allaqat-byn-bghdad-w-hkwmt-aqlym-krdstan

٦-تسليح البيشمركة: يثير جدلا واسعا في العراق،موقع الحرة، تاريخ النشر٢٠/سبتمبر/٢٠٢٤، تاريخ الزيارة٢٠٢٥/١/٢٠:

AD-%8A%D8%9D%84%9D%3B%8AA%D%8/%D20/09/2024https://www.alhurra.com/iraq/
%4B%8A%D8%9D%8A%8D%84%9D%7A%8%D

٧-دلشادعبدالله، كردستان يطالب بغداد بحصته من القروض الدولية،موقع الشرق الاوسط، تاريخ النشر٢٠١٦/٥/٣٠، تاريخ الزيارة ٢٠٢٥/١/٢٠:

%9D%7A%8AA%D%8D%3B%8AF%D%8D%1B%8D%83%9/%D653341https://aawsat.com/home/article/
9D%7A%8D%7B%8A%D8%9-%D86

سەرچاوەی ئینگلیزیەکان:

1-Gopal J. Yadav, “Corruption in developing countries : causes and solutions”, global blues and sustainable development: the emerging challengers for bureaucracy, technology and governance , international political science association, university of south Florida, September 2005

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# التحديات السياسية للبناء المؤسسات
# (إقليم كردستان إنموذجا)



| |
|---|
| ئاراسن أحمد جميل |
| قسم النظم السياسية والسياسة العامة، كلية العلوم السياسية، جامعة صلاح الدين - أربيل، إقليم كوردستان - العراق |
| البريد الالكتروني: ahmadarasn685@gmail.com |
| أ. م. د. زوبير رسول أحمد |
| قسم النظم السياسية والسياسة العامة، كلية العلوم السياسية، جامعة صلاح الدين - أربيل، إقليم كوردستان - العراق |
| البريد الالكتروني:Zubir.ahmed@su.edu.krd |




## الملخص

الهدف من هذه الورقة البحثية هو البحث في التحديات السياسية لبناء المؤسسات في إقليم كردستان وتجيب على اسئلة ماهي العوامل التي أعاقت عملية بناء المؤسسات في إقليم كردستان كمجتمع ما بعد الحرب بعد عام 1991 داخلية أم خارجية التي تؤثر على عملية بناء المؤسسات في إقليم كردستان، لكننا نعتقد أنه في هذه الورقة البحثية كلا العاملين اللذان يعيقان إعادة بناء المؤسسات في إقليم كردستان، وعلى عكس الدراسات الاخرى الذين يرون عاملاً اكثر فاعلية ، ولكننا نولى اهتماماً لأي مشكلة تصبح عقبة إمام إعادة بناء المؤسسات فعلي سبيل مثال مثل( صراع المكونات والقوات المسلحة و وهيمنة الحزب على الحكومة ومشكلة عدم ثقة المواطنين بالمؤسسات )، دمرت بناء المؤسسات في إقليم كردستان.


الكلمات المفتاحية:التحديات السياسية، اقليم كردستان، هيمنة الحزب على الحكومة، عدم الثقة.

# Political Challenges of Institution Building
# (Kurdistan Region as a Model)



| |
|---|
| **Arasn Ahmed Jamil** |
| **Department of Political Systems and Public Policy, College of Political Science, University - Erbil, Kurdistan Region - Iraq Salahaddin** |
| **Email: ahmadarasn685@gmail.com** |
| **Assist. Prof. Dr. Zuber Rasool Ahmed** |
| **Department of Political Systems and Public Policy, College of Political Science, University - Erbil, Kurdistan Region - Iraq Salahaddin** |
| **Email: Zubir.ahmed@su.edu.krd** |




## ABSTRACT

**The aim of this research paper is to investigate the political challenges of institution building in the Kurdistan Region and answer the question of what factors have hindered the process of institution building in the Kurdistan Region as a post-war society after 1991. Are these internal or external factors affecting the process of institution building in the Kurdistan Region? However, we believe that in this research paper, both factors hinder the rebuilding of institutions in the Kurdistan Region. Unlike other studies that**

**see one factor as more effective, we pay attention to any problem that becomes an obstacle to the rebuilding of institutions. For example, (the conflict between components and armed forces, the dominance of the party in the government, and the problem of citizens' lack of trust in institutions), destroyed the building of institutions in the Kurdistan Region.**

**Keywords: Political challenges, Kurdistan Region, party dominance of government, lack of trust.**